# چاپکراوی نوێ

بەرگی سێیەمی رۆمانی (خاك وهەڵدێر) ی رۆماننووس عەزیزی مەلای رەش کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەو کارەسات و مەینەتییانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە هەموویان بوونەتە بەسەرهات و بابەتی سەرەکیی رۆمانەکە. مامۆستا عەزیز هەروەك بەوە ناسراوە کە لە نووسیندا زمان و دەربڕین و رستەسازیی تایبەتیی کوردی بەکاردێنێت. کەم کەس هەیە بتوانێت خۆی لە قەرەی ئەم کەڵە نووسەر بدات. ئەو دێت لەم رۆمانەدا بەسەرهات و رووداوەکان بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە کە خوێنەر تا کۆتایی رۆمانەکە ناتوانێت دەستبەرداری بێت. لە بەشێکی رۆمانەکەدا لە ئەنفالی دووەمدا دەڵێت: کارەساتە، کارەساتە، کارەساتێکی نەگریس و نامۆو دڵتەزێنی وایە لە مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیدا رووی نەداوە. بە دیتنی ئەوەی بە ئاستەم هەستی ویژدانی لە دەروونددا شك ببردرێت خۆی بۆ ناگیرێت و بێ خواستی حەزییەوە لە بڕارۆ دەدات...

دەستخۆشی لە مامۆستا عەزیزی مەلای رەش دەکەین بۆ ئەم بەرهەمەی و هیوای تەمەن درێژی و داهێنانی زیاتری بۆ دەخوازین..



# چاپكراوی نوێ

((هەڵدێرانی عێراق لە روانینی (سەرۆك بارزانی)یەوە.. تدهور العراق من وجهة نظر الرئیس مسعود البارزاني))ناونیشانی كتێبێكی دانسقەو پڕبەهایە لە ئامادەكردنی ئاسۆ عەلی فەرەج .. ئەم كتێبە پێكهاتووە لە ژمارەیەك لێدوان و دیمانەو پەیام و چاوپێكەوتن لەنێوان سالآنی ٢٠١٠ هەتا كۆتایی ٢٠١٧ كە سەرۆك مسعود بارزانی دەیان جار هۆشداریی داوە و پێشبینیی ئەو دۆخە خراپەی كردووە كە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە و دەستنیشانی ئەو كەمو كورتییانەی كردووە كە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیەو داوای دەكرد كە چارەسەربكرێت، چارەسەرنەبوونی هەموو ئەو خاڵە لاوازانە بوونە هۆی ئەوەی عێراق بچێتە نێو لیستی گەندەڵترین و هەژارترین وڵاتانی سەر زەوی كە تێیدا ئومێد بۆ ژیانێكی سەربەرز بۆ هاووڵاتیان لە كەمترین ئاستی خۆیدایە.

ئەم بەرهەمە بە هەر سێ زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەنێو یەك كتێبدا كۆكراوەتەوە.. دەستخۆشی لە برای نووسەرو رۆژنامەنووس ئاسۆ عەلی فەرەج دەكەین .. هاوكات دەستی كاك زكری موسا خۆش بێت كە سەرپەرشتیی كتێبەكەی كردووە..



# چاپکراوی نوێ

((پێشمەرگە و سەرۆك)) ناونیشانی کتێبێکی پڕبەهایە لە ئامادەکردنی ڕەنجبەر حاجی، ئەم کتێبە لە بەرهەمی دەزگای سەتەلایتی کوردستانە.. چەندین دیمانەو چاوپێکەوتن لەخۆدەگرێت کە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی و فەرماندەی پێشمەرگە ئامادەکراوە.. هەموو ئەو کەسایەتییانە باس لە ڕۆڵی بەرخودان و قارەمانانەی مەیدانیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن، کە شان بە شانی پشێمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە بەرەی جەنگدا بوو لەمیانی شەڕی تیرۆریستانی داعشدا.. ئەم کتێبە لەبارەی پێشمەرگەیەکەوە نووسراوە کە بۆ شەست ساڵ دەچێت چەك لە شانە و بۆ وەدەستخستنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی شوێنێك نەماوە رووی تێ نەکردبێت و لوتکە چیایەك نەماوە لەسەری نەوەستابێت، تا ئاسۆیەك بۆ نەتەوەکەی بەدی بکات .. هەر لەو ڕۆژەی بۆتە پێشمەرگە، بووە بە سەرۆك .. چونکە رابەرێکە سەلمێنەری ئەو تیۆرەیە کە سەرۆك دەبێت پێشمەرگە بێت.. دەستخۆشی لە برای میدیاکار ڕەنجبەر حاجی دەکەین .. بە هیوای بەرهەمی زیاتر..






شێروان دووبەردانی:



## مەرجەعییەت و وتار و بڕیارەکانی دەیانەوێت شوێنی دەستوور بگرێتەوە

ئەلینا مینۆکاڵ:



## دیموکراسی بە تەنیا ناتوانێت چارەسەر بۆ گەندەڵی دەستەبەر بکات

نەدا مێرگەسۆری



## ساڵی نوێ چ شتێکی بۆ عێراق پێیە؟

سەلاح بەدرەدین



## مانیفێست.. ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان دەربارەی کوردانی سووریا

مایکل هەننا:



## پێویستە ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕیشەیی ڕێچکەی خۆی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەماڵ ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانی - دهۆک

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

دلێر عەبدوڵڵا حەسەن:

## سەرۆکی حکومەت گرنگییەکی تەواوی بە بوار و پرۆسەی پەروەردە داوە



## داوا دەکرێت لە ساڵی نوێدا
## حکومەت کاری بەرفراوانتر بۆ بەدیهێنانی خواستی لاوان بکات





## قەڵەمێکی سمارت دەقەکان دەکاتە دیجیتالی



## یەک شەو نەخەوتن ئەگەری پەستی تا ٣٠٪ زیاد دەکات



بەشار عەبدوڵڵا

ئەستێری پێشووی کوێت:

## من دژی ئەوەم راهێنەری کوێتی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی کوێت

یەڵدونێ:

## دەمێکە بە ئاوات بووم گۆرانییەکی کوردی- فارسی بڵێم، ئاواتەکەشم هاتەدی





# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو تسۆنامییەکی سیاسیدا

## کیسنجەریش.. کۆتایی و شکستی سیستمە سەقەتەکەی بە چاوی خۆی بینی



جۆزیف بایدن جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا و کاندیدی چاوەڕوانکراوی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکا لە ئەمساڵدا، دوای هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی فەرماندەی فەیلەقی سوپای پاسداران (قاسم سولەیمانی) و جێگری دەستەی حەشدی شەعبی (جەمال جەعفەر ناسراو بە ئەبو مەهدی موهەندیس) لە فرۆکەخانەی بەغدا، لە تویتێکدا نووسی: دۆناڵد ترەمپ فتیلی دینامیتەکەی خستە ناو بارووتەکەوە، هەروەها نانسی بلوسی سەرۆکی کۆنگرێسیش رایگەیاند، ئەم هێرشەی ئەمریکا ئێمەی بردە خاڵی نەگەڕانەوە (نقطة اللاعودة)، بەڵام لە بەرامبەردا ترەمپ هەر یەك دوو کاتژمێر دوای هێرشەکە لە پەیجی خۆی لە تویتەر ئاڵای ئەمریکای دابەزاند، مایك پۆمپیۆ-ش لە پەیجی خۆی هەر دوای یەك دوو کاتژمێر پارچە ڤیدیۆیەکی گرووپێکی ١٠-١٢ کەسی بەغدای بڵاو کردەوە کە پێشوازی لە هێرشەکەی ئەمریکا دەکەن.

ئەوجا ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەم دوو هەڵوێستە دژەی هەر یەك لە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان بکەین و هەوڵبدەین خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا بدۆزینەوە، ئەوا خاڵی هاوبەشی هەردوو هەڵوێستە دژەکە پێمان دەڵێت، سیستەمە کۆنەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ٥٠ ساڵ پێش ئێستا هنری کیسنجەر راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا دایڕشتبوو، لە رۆژی ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بە تەواوەتی جاڕی کۆتاییهاتنی دراو، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستۆتە ناو تسۆنامییەکی سیاسیی ئەوتۆوە کە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی شەپۆلەکانی دابمرکێتەوە، یان پریشکی ئەم ئاگرە شوێنەکانی دیکەی جیهانیش نەگرێتەوە.

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە دژانەی هەر یەك لە دیموکراتەکان و کۆمارییەکانی ئەمریکا، ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران و هەروەها هەردوو مەرجەعییەتی قوم و نەجەف بدەین، دیسان دوو هەڵوێستی جیاواز دەبینین، هەر بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران و مەرجەعییەتی قوم، داوای تۆڵەیەکی یەکلاکەرەوە و روون و ئاشکرا دەکەن، لە بەرامبەردا دەوڵەتی عێراق و مەرجەعییەتی نەجەف داوای دانبەخۆداگرتن و رێگرتن لە هەڵکشانی زیاتری تەنگژەکە دەکەن. بەڵام ئەگەر دیسان ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئایا لە نێوان هەڵوێستە جیاوازەکانی هەر دوو دەوڵەتی (عێراق و ئێران) و هەر دوو مەرجەعییەتی (نەجەف و قوم)دا، خاڵی هاوبەش هەیە؟ بێگومان ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازەش دیسان ئەو خاڵە هاوبەشمان بۆ دەخەنەروو کە سیستەمە کۆنەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی هات، کۆتاییهاتنی ئەم سیستەمەش ئەو ئامانجەیە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکات، داوای چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بەردەوامیش لە شەڕدا بووە بۆ کۆتاییپێهێنان بەم سیستەمە، بەڵام لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و نەیهێشتووە دەوڵەتی ئێران راستەوخۆ بکەوێتە شەڕێکی راستەوخۆوە لەگەڵ ئەمریکادا، لەمەش زیاتر ئەمریکا، یان هەتا ئیسرائیلیش نەیانتوانیوە کە شەڕەکە بکەنە شەڕی راستەوخۆی نێوان خۆیان و دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی ئێرانیش بەتایبەتی رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی باش دەزانێت کە ئەمریکا و ئیسرائیلیش لە شەڕی گەریلایی میلیشیا جۆراوجۆرەکانی هاوشێوەی (حزبوڵای لوبنان و لیواکانی زینەب و فاتیمییە لە سووریا و هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق و میلیشیای حوسییەکان لە یەمەن) کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە پشتگیریان دەکرێت، شکست دەهێنن، بۆیە بە پشتئەستوورییەوە پێشوازی لەو بارودۆخە دەکات و هەڕەشەکانی خۆیشی توندتر دەکات، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەو شەڕە لەسەر خاکی ئێران نابێت و ئەگەر ئەمریکا، یان ئیسرائیل ئەو موجازەفەیە بکەن، کە شەڕەکە بخەنە ناو خاکی ئێرانەوە، ئەوا شەڕی سێهەمی جیهانی دروست دەبێت، کە هیچ کەس نازانێت ئاکامەکەی چۆن دەبێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق و مەرجەعییەتی نەجەف، ئەوانیش ددانیان بەوەدا ناوە، کە سیستەمە کۆنەکە بە تەواوەتی کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەگەر ددان بە خۆدا نەگرن و خۆیان لە کاردانەوەی لابەلا نەپارێزن، ئەوا شەڕە گەورەکە لە سەر خاکی عێراق دەبێت و، زیاد لەمەش ئەمریکا لە چوارچێوەی رێککەوتن و داوای دەوڵەتی عێراق،

**سیستەمە سەقەتەکەی کیسنجەر بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بواری بە رژێمی سەدام حوسێن دا کە زیاتر لە ٥٠٠٠ شار و گوندی کوردستان کاول بکات، چەندین پرۆسەی بەدناوی ئەنفال وەک (ئەنفالی فەیلییەکان، بارزانییەکان، گەرمیان و بادینان) ئەنجام بدات، هەروەها لەسەر تاسەری کوردستان چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بەکار بهێنێت و چاوپۆشیشیان لە هەموو ئەوانە کرد**

**شکستی سیستەمە سەقەتەکەی کیسنجەر لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و رژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، بووە هۆکاری ئەوەی کە رووسیا جارێکی دی بە هێزەوە بێتەوە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

هێزەکانی لەسەر خاکی عێراق بوونیان هەیە، لەمەش زیاتر شەرعییەتی ئەنجامدانی هەموو کردەوەیەکی سەربازی لەسەر خاکی عێراق هەیە، هەروەها دەوڵەتی عێراق سوپایەکی نیشتمانیی بەهێزی ئەوتۆی نییە کە بتوانێت جڵەوگیری بارودۆخەکە بکات و وەك سوپای دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات، ئەگەر هێزەکانی حەشدی شەعبی بە رێگەی مەرجەعییەتی نەجەف کۆنترۆڵ نەکرێن، ئەوا دەوڵەتی عێراق دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی یەکلاکەرەوەی ئێران و ئەمریکا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەڵمانیا بکەین، دەبینین بێجگە لە بەریتانیا کە هەمووکات هەڵوێستەکانی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکا یەکانگیرە، دەوڵەتەکانی دیکە هەڵوێستیان جیاوازە، هەر بۆ نموونە: هەڵوێستی رووسیا لە دژی هێرشەکەی ئەمریکا زۆر توندە و هاوخەمیی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی پیشان داوە، هەروەها چین جیا لەوەی چارەسەری سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان رەتدەکاتەوە، لەهەمانکاتدا داوای ددانبەخۆداگرتن لە هەردوولا دەکات، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر هەڵنەکشێت، لەبەرامبەردا ئەڵمانیا و فەرەنساش وەك دوو دەوڵەتی گەورە و دوو ئەندامی گرنگی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لەگەڵ ئەوەی هێرشەکەی ئەمریکا وەك کاردانەوەیەکی ئەمریکا لە قەڵەم دەدەن، بەڵام داواش دەکەن ددان بەخۆدا بگرن و هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی گێژاوەکە قووڵتر نەبێتەوە.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو واقیعەی دوای هێرشەکەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بووە و، بەراوردی بکەین کە تەنگژەی (کەنداوی بەرازانی ساڵی ١٩٦٢ی کوبا) و، هەروەها بەراوردی هەڵوێستی سۆڤیەتی پێشان بەرامبەر بە کوبا و هەوڵوێستی ئێستای رووسیا بکەین بەرامبەر بە ئێران، ئەوا چۆن تەنگژەی (کەنداوی بەرازان) جیهانی هێنایە سەر لێواری شەڕی سێهەمی جیهانی، ئەوا ئەم تەنگژەیەی ئێستای نێوان ئەمریکا و ئێرانیش ئەگەر بە خێرایی و لەسەر ئاستی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، شێوازێکی تازە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدۆزنەوە، ئەوا تسۆنامییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارودۆخێکی ترسناکتر لە تەنگژەی کەنداوی بەرازانی کوبای ساڵی ١٩٦٢ دروست دەکات.

**● رەگ و ریشەی ئەم تسۆنامییە سیاسییە سیستمە سەقەتەکەی کیسنجەرە**

بناخەی ئەو سیستمەی هنری کیسنجەر بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دارشتووە، لە لایەك بۆ رێگرتن و لغاوگیرکردنی نفووز و باڵادەستیی کۆمۆنیست و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بووە، لەلایەکی دیکە بۆ مانەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەلامەتیی هەناردەکردنی نەوتی ناوچەکە بووە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەش ماکیافیلییانە پەنای بۆ هەموو رێگەیەك بردووە و پاکانەی بۆ هەموو هەنگاوە نامرۆڤەکانی دۆزیوەتەوە، لەم پێناوەشدا ئەم هەوڵانەی گرتبەر:

١- بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای کردە پشت و پەنای هەموو دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە (بە دەوڵەتانی کۆماری، کودەتای سەربازی و دەوڵەتانی پادشایی هاوشێوەی دەوڵەتانی کەنداو و ئوردن و مەغریبیشەوە).

٢- دەستی هەموو دیکتاتۆرەکانی کردەوە کە بە ناوی پاراستنی سەروەریی دەوڵەتەوە کوشتوبڕی هەموو ئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بکەن کە لەسەر داوا رەواکانی خۆیان دژی دیکتاتۆرەکان رادەوەستان، ئەمەش وایکرد فیکری ئیسلامی سیاسی (شیعە و سوننە) لە ناوچەکە چەکەرە بکات. ٣-هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ بۆ ئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی بە شەڕهاتوو لەگەڵ ئیسرائیل ئاشت بکاتەوە، لەوانە: رێکخستنی کۆنگرەی کامپ دیڤید بۆ ئاشتکردنەوەی میسر و ئیسرائیل، هەروەها ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئوردن و ئیسرائیل، بەمەش لە دوای ساڵی ١٩٧٣وە بەرەی بەرگریکردنی عەرەبی لە دژی ئیسرائیل کەوتە حاڵەتی سڕبوونەوە، هەتا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، حزبوڵای ئیسلامی بە پشتگیریی سوپای پاسداران لە لوبنان دامەزرا.

**راستە ئەمریکا خاوەنی پێشکەوتووترین چەک و تەکنەلۆژیای سەردەمە، بەڵام لەسەر زەوی ئەو هێزەی نییە کە بتوانێت هاوشێوەی دوژمنەکانی شەڕیان پێ بکات**

**خاڵی ئەرێنی لەناو ئەو بارودۆخە خراپەدا ئەوەیە کە هەردوو لایەنی سەرەکیی کێشەکە (ئەمریکا و ئێران) وێڕای هەڕەشە و خۆگێشکردنەوە لە یەکتری، بەڵام هیچیان دەرگای گفتگۆیان رەتنەکردۆتەوە**

٤- هەوڵیدا لە ڕێگەی دەوڵەتە دیکتاتۆرە هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە، ڕێککەوتنی ئاشتەوایی لە نێوان ئێرانی شاهەنشاهی و عێراقی حزبی بەعس و سەدام واژوو بکات، بەو ڕێککەوتنەش گەورەترین گورزی گورجگبڕ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان درا و شۆڕشی ئەیلوول کە لە سەر وەختی ئەوە بوو بە ئامانجەکانی خۆی بگات، دوچاری نسکۆی کرد.

ئەم هەنگاوانەی کیسنجەر کە سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بۆ ئەمریکا لەسەر بونیاد نابوو، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٣ – ١٩٧٨، بووە هۆکاری ئەوەی هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەمینەی کێشە و ناسەقامگیری لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتەئاراوە و ئەم سیستمە سەقەتە ئەمریکا ناچار بکات کە ڕێگەی هەڵەی دیکە بگرێتە بەر، هەر بۆ نموونە:

- لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران دەستی پێکرد، خۆپیشاندانەکان لە سەرەتادا خۆپیشاندانێکی میللیی تەواوی گەلانی ئێران بوو، هەر بۆیە وێڕای هەموو هەوڵەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی و پشتگیرییەکانی ئەمریکا بۆ مانەوەی ڕژێمی پاشایی ئێران، ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ پاشای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) ناچار بوو ئێران بەجێ بهێڵێت و ڕژێمی پاشایەتی بڕووخێت و کۆماری ئیسلامی جێگەی بگرێتەوە، بە ڕووخانی ڕژێمی شا، ئەمریکا گەورەترین هاوپەیمانی خۆی لەدەست دا و لە جێی ئەو شۆڕشە کۆماری ئیسلامی هاتە دەسەڵات کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە دوژمنایەتی ئەمریکا دەکات.

- ئەمریکا بۆ دروستکردنی وەکیلێك و بەکارهێنانی بۆ شەڕی بەوەکالەت، سەدام حوسێنی هان دا، بۆ ئەوەی سوپاکەی بنێرێتە ناو خاکی ئێرانەوە و بەمەش شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێ کرد و سەرەنجامیش نەك نەیتوانی کۆماری ئیسلامی جڵەوگیر بکات، بەڵکو سەدام حوسەینی هاوپەیمانیشی بووە دوژمنێکی سەرسەختی ئەمریکا و سەرەنجام کوێتی داگیر کرد و ئەمریکا ناچار بوو هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دروست بکات، بۆ ئەوەی سەدام لە کوێت پاشەکشە پێ بکات، بەڵام نەیهێشت ڕژێمی سەدام حوسێن بڕووخێت، وێڕای ئەوەی ڕژێمی بەعس بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان ئەو هەموو کۆمەڵکوژییەی گەلانی عێراقی کرد.

- سیستمە سەقەتەکەی کیسنجەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بواری بە ڕژێمی سەدام حوسێن دا کە زیاتر لە ٥٠٠٠ شار و گوندی کوردستان کاول بکات، چەندین پرۆسەی بەدناوی ئەنفال وەك (ئەنفالی فەیلییەکان، بارزانییەکان، گەرمیان و بادینان) ئەنجام بدات، هەروەها لەسەر تاسەری کوردستان چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بەکار بهێنێت و چاوپۆشیشیان لە هەموو ئەوانە کرد، تەنیا لە پێناوی مانەوەی ئەو سیستمە سەقەتە.

- لەساڵی ١٩٨٠ و دوای ئەوەی میسر بووە هاوپەیمانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەتی پێشان ئەفغانستانی داگیر کرد، ئەم داگیرکردنە بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە باڵانسی هێز بەلای سۆڤیەت بشکێتەوە، ئەمریکاش لە سەردەمی شەڕی سارد نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی سۆڤیەت ببێتەوە، بۆیە لە ڕێگەی دیکتاتۆرە هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی عەرەبی، کەوتە ناردنی ئەو ئیسلامییە ڕادیکاڵانەی لەو وڵاتانە بوونیان هەبوو، لەوانە (بن لادن و زەواهیری و بە سەدان و هەزارانی دیکە)، ئامانجی ئەمریکا لە ناردنی ئەم ئیسلامییە ڕادیکاڵانە بۆ چەند مەبەستێك بوو، یەکەم ئەمانە پێش هەموو شت دژی ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستین، لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان دوور دەکەنەوە کە خەریك بوو دەبوونە مەترسی لەسەر ئەو ڕژێمانە، لەسەرووی هەمووشیانەوە دروستکردنی شەڕی گەریلایی لە ئەفغانستان دەبێتە شەڕێکی ئیستینزافی بۆ سۆڤیەت و چیدیکە ناتوانێت بەسەر ئەمریکادا باڵا دەست بێت. بەڵام ئەمریکا لەمەشدا نەك سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو ئیسلامییە ڕادیکاڵانە بۆ لغاوگیریی سۆڤیەتی پێشان بووە هۆکاری ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە دروست بێت، کە ئەم ڕێکخراوە بناخەی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش-یشە کە هەتا ئێستاش بۆتە بەڵایەك بۆ ئەمریکا و

**کێشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەمریکا ئەوە نییە کە لایەک دەیەوێت دانوستاندن بکات و ئەوی دیکە ڕەتی بکاتەوە، بەڵکو کێشەی هەردوولایان ئەوەیە لەکام پێگەوە دەست بە پرۆسەی دانوستاندن بکرێت**

**دوای ئەوەی حەشدی شەعبی هەڵیکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، دوایین کاردانەوەی ئەمریکا ئەو هێرشە بوو کە کردیە سەر کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سەرۆکی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران و جێگری دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق. ئەمەش لوتکەی ئەو هەڵکشانەیە کە هەردوولایان دەستیان بردووە بۆ سیمبولی نیشتمانیی یەکتر و ئەگەر لەم لوتکە هەستیارەدا بارودۆخەکە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێت و ناوچەکەش هێندەی دیکە بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو هەڵدەگرێت**

نەیتوانیوە چارەسەری بکات.

● شکستی سیستمە سەقەتەکەی کیسنجەر لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و رژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، بووە هۆکاری ئەوەی کە رووسیا جارێکی دی بە هێزەوە بێتەوە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەمەش گرنگتر ئەو ئیسرائیلەی لە سەردەمانی شەڕی سارد کە دژی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بوو، ئێستا نزیکترین هاوپەیمانی رووسیای پۆتین-ـە، لەمەش زیاتر ئەگەر کۆشکی سپی بە دڵی ئیسرائیل مامەڵە نەکات، ئەوا ئیسرائیل لە رێگەی رووسیاوە دەستێوەردان لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا دەکات، هەروەك چۆن لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ لە رێگەی رووسیاوە و بۆ بەرژەوەندیی ترەمپ دەستێوەردانی کرد.

● سیستمە کۆنەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شکستەکەی بەو ئاستەیە کە هیچ متمانەیەکی لەنێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناوچەکە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا نەهێشتووە، ئەم سیستمە بۆتە هۆکاری ئەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لاواز بن، پێکەوە ناکۆك بن، لە بەرامبەردا دوژمنەکانی ئەمریکا یەکگرتوو و بەهێز بن.

ئەم دەرهاویشتە خراپانەی ئەم سیستمە سەقەتە، راستە لەلایەك بۆتە هۆکاری ئەوەی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا وەك هەرێمێکی شکستخواردوو پێناسە بکرێن و، نەتوانرێت بە هیچ جۆرێك هەوڵەکان بە گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری سەرکەوتووبن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بۆتە هۆی شکانی شکۆ و هەژموونی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، راستە ئەمریکا خاوەنی پێشکەوتووترین چەك و تەکنەلۆژیای سەردەمە، بەڵام لەسەر زەوی ئەو هێزەی نییە کە بتوانێت هاوشێوەی دوژمنەکانی شەڕیان پێ بکات، ئەمەش ئەو پرسیارەی لای زۆربەی چاودێرانی سیاسی و سەربازی دروست کردووە، ئەگەر ئەمریکا بتوانێت بە باڵادەستیی هێزی ئاسمانی و تەکنەلۆژیای درۆن لە ئاسمان باڵادەست بێت، ئایا دەتوانێت لە شەڕی چەکداریی سەر زەویش ئەو باڵادەستییە بپارێزێت و ئامانجەکانی بە هێزی سەربازی یەکلایی بکاتەوە؟ دیارە لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر بە باشی دراوەتەوە کە ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو سیستمە سەقەتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەیتوانیوە بە هێزی سەربازی هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات، ئەگەر جەنگەکەی لە رووی سەربازیشەوە بردبێتەوە، ئەوا شەڕەکەی لە رووی سیاسییەوە دۆڕاندووە.

● **سەرەتایەکی نوێ . بەڵام تاڵ و نادیار و ناچاری**

جوانترین خاڵ کە دۆناڵد ترەمپ پێناسەی سیستمە شکستخواردووەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەکات، ئەوەیە کە دەڵێت: هەشت ترلیۆن دۆلارمان لە شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرج کردووە و هیچ دەستکەوتێکمان بەدەست نەهێناوە، ئەم قسەیەی ترەمپ راشکاوانە مانای ئەوەیە، چیتر بەو سیستمە کار ناکرێت کە ٥٠ساڵ پێش ئێستا کیسنجەر نەخشەی بۆ کێشاوە.

بەپێی ئەو ئەو هەوڵانەی لیژنە هاوبەشەکانی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی لە داڕشتنی رەشنووسێك بۆ سیستمێکی تازەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داویانە، هەموو هەوڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کێشە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو ئەو دەوڵەتانەیە کە ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی تەقلیدی خۆی سەیریان دەکات، هۆکاری سەرەکیی ئەو کێشانەش، سیستمی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەیە کە ئەمریکا لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو هەتا ئێستاش پشتگیرییان دەکات، بۆیە ترەمپ راشکاوانە نەیشاردۆتەوە کە دەبێت پشتگیریی ئەو سیستمە سیاسییانەش کۆتایی پێ بهێندرێت، بە مانایەکی دیکە دەبێت هەیکەلی دەوڵەت سەرلەنوێ رێکبخرێتەوە، ئەمەش دەبێت بە جۆرێك بێت کە هەیکەلی سیاسیی دەوڵەت توانای ئەوەی هەبێت ماف و کەرامەتی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بپارێزێت و لە هەمانکاتیشدا گەلانی ناو ئەو دەوڵەتە بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە خۆیان بە هاووڵاتی ئەو دەوڵەتە بزانن.

دۆناڵد ترەمپ لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ و دوای دەستبەکاربوونی وەك سەرۆکی ئەمریکا، هەوڵی دا لە چوارچێوەی راپۆرتەکەی (ئۆلبرایت

**پێشبینییەکان بەو ئاراستەیەن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و دەوڵەتانی ئەندامانی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتی بێنە سەر خەت و زەمینە بۆ دیالۆگێکی فراوانتر لە دیالۆگی نێوان ئێران و ئەمریکا بڕەخسێنن**

**لەناو ئەم گۆڕانکارییە چاوەڕاوانکراوانەدا، عێراق چەقی کێشە و تەنگژەکەیە، بۆیە دەبێت چەقی دانوستاندن و وتووێژەکانیش بێت، لەم حاڵەتەدا هەلێک بۆ کوردستان دێتە پێشەوە لەوانەیە لەو هەلە لەبارتر بێت کە یەک دوو ساڵ پێش ئێستا خەومان پێوە دەبینی، بەڵام لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە نالەبارەدا بۆمان نەهاتەدی**



ــهادلی) کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر بکات، دیارە راپۆرتەکەی (ئۆلبرایت-هادلی) بۆ چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر جەخت لەسەر لایەنی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەکی بۆ هاووڵاتیانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بۆیە ترەمپیش لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئابووریی وەبەرهێنان کە ناوی لێ نا «سەفقەی سەدە» بڕیاری دا، بڕی ٣٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە فەلەستین و دەوڵەتانی دراوسێی ئەنجام بدات، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك دەیان هەزار هەلی کار و ئاوەدانکردنەوە دەست پێ دەکات، ئەوا زەمینەی لەبار بۆ پرۆسەی ئاشتی دێتەئاراوە، بەڵام هەر لە راگەیاندنی ئەم رێککەوتنە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەبەر ئەوەی هیچ دەستپێشخەرییەك لەناو سیستمە سیاسییەکەدا سەرکەوتوو نابێت.

بۆ ئێستا کە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەرگای هەموو ئەگەرە خراپ و مەترسیدارەکان بە روویدا کراوەتەوە، خاڵی ئەرێنی لەناو ئەو بارودۆخە خراپەدا ئەوەیە کە هەردوو لایەنی سەرەکیی کێشەکە (ئەمریکا و ئێران) وێڕای هەڕەشە و خۆگێڤکردنەوە لە یەکتری، بەڵام هیچیان دەرگای گفتگۆیان رەتنەکردۆتەوە، تەنانەت لە بەرەبەیانی رۆژی ٣ی ١ی ٢٠٢٠ و تەنیا چەند کاتژمێرێك دوای هێرشەکەی ئەمریکا، وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری دا کە هەوڵە دیپلۆماسییەکان بخاتەگەڕ و بۆ ئەمەش باڵیۆزی سویسرا بەو حیسابەی چاودێری کاروبارەکانی ئەمریکا لە ئێران دەکات، بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوەوە یاداشتنامەیەك ئاراستەی ئەمریکا بکرێت، لە بەرامبەریشدا ئیدارەی ئەمریکا لەسەر زاری ترەمپەوە رایگەیاند کە ئامادەیە بۆ دانوستاندن.

کێشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەمریکا ئەوە نییە کە لایەك دەیەوێت دانوستاندن بکات و ئەوی دیکە رەتی بکاتەوە، بەڵکو کێشەی هەردوولایان ئەوەیە لەکام پێگەوە دەست بە پرۆسەی دانوستاندن بکرێت، هەر بۆیە کاتێك ئەمریکا گوشارەکانی خۆی چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئێران پەلکێشی سەر مێزی دانوستاندن بکات، لەبەرامبەریشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند مانگی رابردوو، هێرشەکانی خۆی بۆ سەر بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بە رێگەی گرووپە چەکدارەکانی وەك حزبوڵا و حەشدی شەعبی و حوسییەکانی یەمەن چڕتر کردۆتەوە، کە لە هەموویان گرنگتر هێرشی حوسییەکانی بوو لە مانگی ئەیلوولی ساڵی پار بۆ سەر دامەزراوە پەتڕۆڵییەکانی ئارامکۆ لە ریازی پایتەختی سعودیە، ئەم



ئاراستەیە لە هەردوو لاوە رووی لە هەڵکشان بوو، هەتا گەیشتە ئەوەی گرووپێکی حەشدی شەعبی لە یەك دوو هەفتەی رابردوو هێرش بکاتە سەر سەربازگەی ئەمریکی لە کەیوان، لە بەرامبەریشدا هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا چەند گەنجینەیەکی چەکی گرووپەکانی حزبوڵای عێراقیان بۆردومان کرد، لەدوای ئەمیش حەشدی شەعبی هەڵیکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، دوایین کاردانەوەی ئەمریکاش ئەو هێرشە بوو کە کردیە سەر کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سەرۆکی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران و جێگری دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق. کە ئەمەش لوتکەی ئەو هەڵکشانەیە کە هەردوولایان دەستیان بردووە بۆ سیمبولی نیشتمانیی یەکتر و ئەگەر لەم لوتکە هەستیارەدا بارودۆخەکە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێت و ناوچەکەش هێندەی دیکە بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو هەڵدەگرێت.

هەر بۆیە وێڕای ئەوەی لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانە، رووکاری دەرەوەی هەڵکشانی تەنگژەکە سیمای سونامییەکی سیاسی لێ دەخوێندرێتەوە، بەڵام هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بەو ئاراستەیەن کە لێرەدا بوەستێندرێت، دەوڵەتە گەورەکانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر لەم خاڵەدا نەوەستێندرێت، ئەوا جوگرافیای ئەم تەنگژەیە سنووری ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەزێنێت و دەرگای هەموو ئەگەرە خراپەکان دەکرێنەوە.

بۆیە پێشبینییەکان بەو ئاراستەیەن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و دەوڵەتانی ئەندامانی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتی بێنە سەر خەت و زەمینە بۆ دیالۆگێکی فراوانتر لە دیالۆگی نێوان ئێران و ئەمریکا بڕەخسێنن، راشکاوانەتر دیالۆگێکی هاوشێوەی رێککەوتنی (٥+١) کە بە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران ناسراوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە ئەمریکا و ئێران هیچیان خۆیان بە براوە، یان دۆڕاو نەزانن و وەك هەنگاوی یەکەم کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران لە چوارچێوەی ئەو سیستمە نوێیەی کە ئێستا توێژەران ناویان لێ ناوە (ویستفالیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کۆی کێشەکان سەرلەنوێ وتووێژ و دانوستانیان لەسەر بکرێتەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

لەناو ئەم گۆڕانکارییە چاوەڕاوانکراوانەدا، عێراق چەقی کێشە و تەنگژەکەیە، بۆیە دەبێت چەقی دانوستاندن و وتووێژەکانیش بێت، لەم حاڵەتەدا هەلێك بۆ کوردستان دێتە پێشەوە لەوانەیە لەو هەلە لەبارتر بێت کە یەك دوو ساڵ پێش ئێستا خەومان پێوە دەبینی، بەڵام لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە نالەبارەدا بۆمان نەهاتەدی.



مەسعود حەیدەر

راوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ (گوڵان):

# لەم قۆناغەدا گرنگ دەدان بەخۆداگرتن و پەلەنەکردنە لە بڕیاردان

## عێراق بەمەرکەزییەت بەڕێوەناچێت و پێویستە ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی راستەقینە

**لە ئێستادا ململانێکانی نێوان ئێران و ئەمریکا ئاراستەیەکی مەترسیداریان بەخۆوە بینیوە و تا دێت بارودۆخی سیاسیی عێراق ئاڵۆزتر دەردەکەوێت، بە چەشنێك پێشبینیکردنی پێشهات و پەرەسەندنەکان کارێکی دژوارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەگەرەکانیش لەبەرچاو نەگیرێن و تاوتوێ نەکرێن بۆ ئەوەی بتوانرێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ مەسعود حەیدەر راوێژکاری سەرۆك بارزانی ئەنجامدا.**

*** کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و پێشتریش هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن حەشدی شەعبی و کەتائیبەکانی حزبولڵاوە دۆخەکەی لە بەغدا زۆر ئاڵۆز کردووە، وەك چاودێرێکی سیاسی چۆن لەم گۆڕانکارییە مەترسیدارانە دەڕوانیت؟**

- کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخەکە لە عێراقدا بە ئاراستەیەك دەڕوات کە بە ئاشکرا دەبیندرێت ئەم وڵاتە کراوەتە گۆڕەپانێکی یەکلاکردنەوەی ململانێکان، ئەوەتا ئێران باڵەکانی میلیشیا چەکدارەکانی لە ناو حەشدی شەعبی و هێزەکانی حزبولڵاوە بۆ ئەم ململانێیانە بەکار دەهێنێت، هەموو ئەم هێزانەش پەیوەستن بە کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسدارانەوە، بێگومان ئێران بەرانبەر بە کوشتنی قاسم سولەیمانی پەرچەکرداری دەبێت و هەموو ئەو شوێنانەی کە بەرژەوەندیی ئەمریکای تێدایە، بۆ ئێران دەبنە بژارەی تۆڵەسەندنەوە لەو کاتەی ئێرانییەکان بە گونجاوی بزانن. ئێمە پێشتریش رووداوەکانمان بینی کە دوای ئەوەی هێرشکرایە سەر سەربازگەی k1 لە کەرکووك، لەبەرامبەردا ئەمریکا وەڵامەکەی ئەوە بوو کە بۆردومانی بارەگاکانی حەشدی شەعبی و حزبولڵای لە عێراق کرد، حەشدی شەعبی و حزبولڵاش بە راوێژ و لە سەر فەرمانی ئێران ئەمجارە ستراتیژیەتی خۆیان گۆڕی، بەوەی لەم قۆناغەدا جارێکی دیکە پەنایان نەبردەوە بەر چەك و وەڵامی سەربازی و، ململانێکەیان خستە قۆناغێکی دیکە، بەوەی بە خۆپیشاندان هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوز، بەمەش ئەم هەنگاوەی حەشدی شەعبی و حزبولڵا چەند پەیام و ئامانجێکی لەپشتەوە بوو:

١. شکاندنی هەیبەتی دەوڵەتی عێراقی لەناوچەی سەوز، بەمەش تەئکیدیان کردەوە بۆ هەموو جیهان کە حەشدی شەعبی و حزبولڵای ئێران حوکمی عێراق دەکەن و حکومەتی عێراقی هیچ دەسەڵاتێکی نییە.

٢. وەڵامدانەوەی سووتاندنی کونسوڵخانە و باڵیۆزخانەی ئێران لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

٣. ویستیان ئاراستەی رای گشتی بگۆڕن، بەوەی نارەزایەتییەکان لە دژی حکومەتی عێراقییەوە ببێتە دژی حکومەتی ئەمریکا.

٤. لە رۆژی ناشتنی تەرمی کوژراوەکانی حزبولڵا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و حزبولڵا ویستیان بچنە ناو گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن.

ئەوە بوو دواتر وڵاتانی ئەورووپا و جیهان پەیامێکی توندیان گەیاندە سەرکردەکانی حەشد و حزبولڵا، حکومەتی عێراقیش رایگەیاند کە ئەگەر خۆپیشاندەرانی حەشدی شەعبی و حزبولڵا نەگەڕێنەوە، پێ دەچێت باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی لە عێراق بکشێنەوە، زیانمەندی

**هەڵوێستی کورد لە بەیاننامەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی زۆر بەرپرسانەیە، چونکە نێردەی دیپلۆماسی بەپێی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی ڤیەننا پێویستە پارێزراو بێت و خاکی باڵیۆزخانەش خاکی ئەو دەوڵەتەیە کە باڵیۆزخانەکەی لەسەر دروست کراوە**

**بێگومان ئێران بەرانبەر بە کوشتنی قاسم سولەیمانی پەرچەکرداری دەبێت و هەموو ئەو شوێنانەی کە بەرژەوەندیی ئەمریکای تێدایە، بۆ ئێران دەبنە بژارەی تۆڵەسەندنەوە لەو کاتەی ئێرانییەکان بە گونجاوی بزانن**

سەرەکی لەمەشدا دەوڵەتی عێراق و عێراقییەکان دەبن، هەروەها هەردوو ئامانجی سەرەکیی حەشدی شەعبی و حزبوڵا شکستی هێنا بەوەی بچنە ناو گۆڕەپانی تەحریر و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن و رای گشتی لە عێراق دژی حکومەتی عێراق و ئێران بۆ دژی ئەمریکا بگۆڕن، لە هەمووشی کاریگەرتر کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس بوو لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە، کە دۆخەکەی بە جارێك ورووژاند و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە دەکرێت، دیارە ئەمریکا کاتێك هێزی زیاتری رەوانەی عێراق و کوێت و ناوچەکە کرد، چاوەڕوانی ئەم واقیعە بوو، بەمەش ئەمریکا توانی واقیعەکە بە جۆرێکی دیکە بقۆزێتەوە و زەبرێکی کوشندە لە یەکێك لە ناودارترین سەرکردەکانی ئێران و حەشدی شەعبی بدات، لەلایەکی دیکەوە چەند سەرکردەیەکی باڵای عێراق کە رۆڵی سەرەکییان لە بڕیاردان هەیە و سەرۆکی حزبن لە عێراقدا، ئەوانە بەرپرسانە مامەڵەیان نەکردووە و بە ئاراستە و شێوازێك مامەڵەیان کردووە راستەوخۆ خۆیان چوونەتە ناو هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا، بۆیە لەلایەن ئەمریکاوە کەوتوونەتە نێو لیستی تیرۆرەوە و ئەمە بۆ ناوبانگی عێراق خراپە، هەروەها عێراق لە بارودۆخێکدا نییە کە بتوانێت رووبەڕووی ئەمریکا ببێتەوە، لەبەر ئەوەی نەوتی عێراق کە دەفرۆشرێت، پارەکەی لەلایەن ئەمریکاوە پارێزگاری لێ دەکرێت، نەناردنی ئەو پارەیەش تەنیا بۆ یەك مانگ دەبێتەهۆی راوەستانی هەموو مامەڵەکانی عێراق، هەربۆیە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا مامەڵەیەکی سیاسی و بەرپرسانە و دووربینانە نەبووە و بواری زیاتری بە ئەمریکا دا، بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە ئاسمانییە و بڵاوکردنەوەی هێزی زیاتر لە عێراق.

*** هەرێمی کوردستانیش هەڵکوتانە سەر باڵیۆزی ئەمریکای لە بەغدا سەرکۆنە کرد و داوای هێوربوونەوەی دۆخەکەی کرد، ئایا لە حاڵەتی بەردەوامیی توندوتیژییەکان و زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخەکەدا، هەرێمی کوردستان تاچەند ئارام و سەقامگیر دەبێت بۆ پاراستنی گیانی کونسوڵخانەکان و نێردە دیپلۆماسییەکان؟**

- هەڵوێستی کورد لە بەیاننامەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی زۆر بەرپرسانەیە، چونکە نێردەی دیپلۆماسی بەپێی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی ڤیەننا پێویستە پارێزراو بێت و خاکی باڵیۆزخانەش خاکی ئەو دەوڵەتەیە کە باڵیۆزخانەکەی لەسەر دروست کراوە، بۆیە پاراستنی لە بەرپرسیارێتیی دەوڵەت و حکومەتی عێراقییە، هەروەها وەکو لە بەیاننامەکەی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتووە، عێراق هێشتا ترسی تیرۆر و تیرۆرستانی داعشی لەسەرە و لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە هاوکاری و رۆڵی ئەمریکا و نێودەوڵەتی هەیە. ئەو ئەزموونەی لە ٢٠١١ روویدا کە ئەمریکا لە عێراق کشایەوە و قاعیدە و تیرۆرستان بەهێز بوون و لە ٢٠١٤ داعش هات، هەموو ئەم مێژووە پێویستە پەند و عیبرەتی لێ وەربگیرێت و هەوڵ نەدرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە هاوپەیمانەکان لە عێراق دەربکرێن، لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی سوننەش زۆر روون و ئاشکرایە کە ئیدانەی پەلاماردانی باڵیۆزخانەکەیان کرد، هەڵوێستی کوردیش لەم قۆناغە مەترسیدارو هەستیارەی عێراقدا روونە، بەتایبەتی کە دەوڵەت لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هیچ رۆڵێکی نەماوە و داخڵبوونی حەشدی شەعبی و هێزەکانی حزبوڵاش بەمشێوەیە، دۆخەکە بەرەو ئاراستەیەك دەبات کە دەوڵەت لە بەغداش رۆڵی نەمێنێت و حکومەت لاواز بێت، پێدەچێت لەگەڵ هەڵگیرسانی زیاتری ئاڵۆزییەکان کوردستان هەر بەمجۆرە هێمنانەیە هەڵسوکەوت بکات، بەشێوەیەکی گشتی ئێستا هەرێمی کوردستان لەهەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئارامترە، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بارودۆخی بەغدا زیاتر تێکبچێت، پێم وایە هەولێری پایتەختی کوردستان گونجاترین شوێنە بۆ ئەوەی باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی بیانی لە بەغدا بگوازرێنەوە بۆ هەولێر، چونکە ئێرەش هەرێمێکی فیدراڵییە و بەشێکی ئارامە لە عێراق، ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا مامەڵەی بەرپرسانەیە لەگەڵ دۆخەکە و ددانبەخۆداگرتن و پەلەنەکردنە لە بڕیاردان و رەچاوکردنی

**بە شکاندنی هەیبەتی دەوڵەتی عێراقی لەناوچەی سەوز، تەئکیدیان کردەوە بۆ هەموو جیهان کە حەشدی شەعبی و حزبوڵای ئێران حوکمی عێراق دەکەن و حکومەتی عێراقی هیچ دەسەڵاتێکی نییە**

**هەردوو ئامانجی سەرەکیی حەشدی شەعبی و حزبوڵا شکستی هێنا بەوەی بچنە ناو گۆڕەپانی تەحریر و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن و رای گشتی لە عێراق دژی حکومەتی عێراق و ئێران بۆ دژی ئەمریکا بگۆڕن**

**کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس بوو لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە، دۆخەکەی بە جارێک ورووژاند و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە دەکرێت**

**ئەمریکا توانی واقیعەکە بە جۆرێکی دیکە بقۆزێتەوە و زەبرێکی کوشندە لە یەکێک لە ناودارترین سەرکردەکانی ئێران و حەشدی شەعبی بدات**

بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق و نەکردنی عێراقە بە داردەستی هیچ دەوڵەتێك دژی ئەوی دی و ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە لەسەر خاکەکەی.

*** ئەگەر بمانەوێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق تێ بگەین، یان بزانین ئاراستەی پرۆسەکە بەرەو کوێ دەچێت، دەبێت چاودێری سیاسی چاوەڕێ بکات تا بزانێت لە خوتبەی ڕۆژی جومعەدا مەرجەعییەتی نەجەف چی دەڵێت، بێگومان ئێوەش هەر دەبێت گوێ لە پەیامەکانی مەرجەعییەتی نەجەف بگرن، ئایا لە ڕوانگەی گوتارەکانی مەرجەعییەتەوە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو کوێ دەچێت؟**

- مەرجەعییەتی دینی لە نەجەف چوارچێوەیەکی گشتی بە پرۆسەی سیاسی عێراق دەدات و نەخشەڕێگا دیاری دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانە و هەروەها لەسەر بنەمای ئەوەیە کە تاچەند لە توانادا هەیە ئەم داواکارییانە لە ڕووی کردارییەوە جێبەجێ بکرێن، واتا مەرجەعییەتی نەجەف لەلایەك داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بە باشی دەخوێنێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە واقیعبینانە لە گوتارێکدا گەڵاڵەی ئەم داواکارییانە دەکات، بۆ ئەوەی کوتلە سیاسییەکان لە ناو ماڵی شیعەدا کە حوکمڕانیی عێراق دەکەن، چوارچێوەیەکی بۆ دیاری بکەن، ئەوەتا مەرجەعییەت لەسەر بنەمای داواکاریی خۆپیشاندەران داوای کرد:

١. حکومەت بڕووخێت و حکومەت ڕووخێندرا.

٢. کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بگۆڕدرێت و یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دابنرێت، ئەمیشیان جێبەجێ کرا.

٣. لە دوا خوتبەی مەرجەعییەتیشدا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە کرا.

٤. لە کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس-یشدا بەرپرسیارانە داوای دەدان بەخۆداگرتنی کرد.

بەشێوەیەکی گشتی ململانێکانی ناو ماڵی شیعە زۆر قورس و ئاڵۆزن، دەتوانم بڵێم نێوماڵی شیعە بەسەر دوو بەرەی ناکۆك و دژ بەیەکدا دابەش بوون:

- بەرەی مەرجەعییەت و شەقام.
- بەرەی ناسراو بە بەرەی ئێرانی کە دەستیان بە دەسەڵاتەوە گرتووە و نایانەوێت وا بەئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات بن.

*** مەرجەعییەت ئێستا داوای پەلەکردن لە دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن دەکات، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، دوای ئەمانەش حکومەتێکی غەیرە جەدەلی، ئەگەر وەك چاودێرێکی سیاسی ئەم هەنگاوانە شرۆڤە بکەیت، ئایا چ بایەخێك بۆ دەستووری عێراق دەمێنێتەوە، یان ئایا گوتارەکانی مەرجەعییەت نابێتە جێگرەوەی دەستووری عێراق؟**

- نەخێر، گوتارەکانی مەرجەعییەت نابێتە جێگرەوەی دەستوور، بەڵکو چوارچێوەیەکی گشتی دیاری دەکات و تەدەخول لە وردەکارییەکان ناکات، گوتارەکانی مەرجەعییەت زیاتر بۆ حزبە سیاسییەکانی شیعەیە لە عێراق، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەوان زۆرینە و باڵادەستن لە پەرلەمانی عێراق، دوای ئەمەش کە پرۆسەکە دەکەوێتە سەر ڕێچکەیەکی ڕاست بەو ئاراستەیەی کە داواکارییەکانی سەر شەقام ڕازی دەکات و مەرجەعییەتیش قەناعەتی بەو گۆڕانکارییانە هێناوە، ئەو کات وردەکارییە سیاسی و یاساییەکان دەبێت لە چوارچێوەی دەستووردا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوەشی کە هەیە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی شیعە و کورد و سوننە ئەمانە وردەکارییەکان یەکلادەکەنەوە، ئەوەتا یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان یەکلا کرایەوە و هەڵبژاردنیش کرا بۆ دادوەرەکان و تەنیا دوو دادوەری هەرێمی کوردستان ماوە، وەکو نوێنەری کورد یەکلا بکرێتەوە، یاسای هەڵبژاردنەکانیش یەکلا بووەوە، هەرچەندە لەسەر دوو بابەتی گرنگ مشتومڕێکی زۆر دروست بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئایا بازنەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت، یان بچێتە خوارەوە بۆ قەزاکان و لە ناو قەزاکانیشدا زۆرێك پێیان وایە کێشەی ئیداریی هەیە لە دیاریکردنی سنووری قەزاکان، بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگە ئیشکالیاتی زۆری هونەری بێتەپێش کۆمیسیۆن، ئەمانەش هەمووی وادەکات هەڵبژاردنی پێشوەختە زۆر دوابکەوێت، بەتایبەتی

**عێراق لە بارودۆخێکدا نییە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەمریکا ببێتەوە، لەبەر ئەوەی نەوتی عێراق کە دەفرۆشرێت، پارەکەی لەلایەن ئەمریکاوە پارێزگاری لێ دەکرێت، نەناردنی ئەو پارەیەش تەنیا بۆ یەک مانگ دەبێتەهۆی ڕاوەستانی هەموو مامەڵەکانی عێراق**

**هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا مامەڵەیەکی سیاسی و بەرپرسانە و دووربینانە نەبووە و بواری زیاتری بە ئەمریکا دا، بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە ئاسمانییە و بڵاوکردنەوەی هێزی زیاتر لە عێراق**

**وەکو لە بەیاننامەکەی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتووە، عێراق هێشتا ترسی تیرۆر و تیرۆرستانی داعشی لەسەرە و لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە هاوکاری و ڕۆڵی ئەمریکا و نێودەوڵەتی هەیە**

**هەڵوێستی سوننە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئیدانەی پەلاماردانی باڵیۆزخانەکەیان کرد، هەڵوێستی کوردیش لەم قۆناغە مەترسیدارو هەستیارەی عێراقدا ڕوونە**

که بیروبۆچوونی زۆر جیاواز له نێوان هەرسێ پێکهاتەکەی کورد و عەرەبی شیعە و سوننەش هەیە، هەموو ئەم ئیشکالیات و وردەکارییانە مەرجەعییەت دەستێوەردانی تێدا ناکات و بۆ کوتلە سیاسییەکانی بەجێی دەهێڵێت، بەڵام مەرجەعییەت لەماوەی رابردوودا دووپاتی کردۆتەوە کە بەردەوام چارەسەر دەدۆزێتەوە و هێڵە گشتییەکان دیاری دەکات، حزبە شیعیەکانیش ئەو جورئەتەیان نییە رووبەرووی ببنەوە، هەروەها مەرجەعییەت دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە پەیام و بۆچوونەکانی لە خزمەت ئەوەدا بێت کە سەقامگیری و دادپەروەری بچەسپێنێت و لە پێناو پاراستنی سەقامگیریی عێراق و بژێویی ژیان و گوزەرانی خەڵك و گەلانی عێراقدا بێت.

*** ئەگەر وای دابنێین لە ئاکامی ئەم وەرچەرخانەدا سیستمی سیاسی لە عێراقدا گۆڕدرا، بۆ نموونە لەم سیستەمەی ئێستاوە بووە سیستمی سەرۆکایەتی، یان حوکمڕانیی زۆرینە و کەمینە لە عێراقدا، ئەوەی ئێستا خۆپیشاندەران داوای دەکەن، ئایا لایەنی کوردستانی ئامادەباشی بۆ ئەم ئەگەرانە کردووە؟**

- گۆڕینی سیستەمی سیاسیی عێراق بۆ سەرۆکایەتی، داواکاریی خۆپیشاندەران نەبووە، من وای دەبینم ئەمە زیاتر داواکاریی ئێرانە بۆ دروستبوونی حوکمێکی مەرکەزی لەو روانگەیەی کە شیعە زۆرینەیە لە عێراقدا، هەروەها گۆڕینی دەستووری عێراقی، پێویستە ئێمە دیراسەیەکی ئەم دەستوورە بکەین و پرسیار بکەین، ئایا چ شتێك لە دەستووردا رێگرە لەوەی هەرێم و پارێزگاکانی عێراق نەیانتوانیوە بە هۆی دەستوورەوە خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن و ئاو و کارەبا بۆ خەڵکی دابین بکەن و نەهێڵین گەندەڵی لەدامەزراوەکانی حکومەت و وڵاتدا تەشەنە بکات، یان بەهۆی چ مادده و بڕگەیەکی دەستوورەوە نەتوانرابێت ئاستی پەروەردە و تەندروستی لە عێراقدا بەرەوپێش بچێت. لایەنێکی دیکە ئەم دەستوورە دوای ١٠٠ ساڵ لەحوکمڕانیی عێراق یەکێکە لە دەستوورە هەرە باشەکانی ناوچەکە و لە مێژووی عێراقدا دەستکەوتێکی گەورەیە و کوردیش وەکو بەشێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی عێراق و هاوبەشی کۆی پرۆسەکەیە و لایەنێکی سەرەکییە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و راوبۆچوونی خۆی هەیە، بەشێکی زۆری سەرکردەکانی کورد و یاساناسەکانی کورد لە نووسینەوەی دەستووردا رۆڵیان هەبووە و تێیدا بەشدار بوون، یاساناسەکانی کورد لە ماددەی ١٢٦ و ماددەی ٤٢ ی دەستووری عێراقدا دوو فلتەریان داناوە، تاوەکو بە هیچ شێوەیەك دەستکاریی مافەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندییەکانی نەکرێت، ئەم پەرلەمانە خۆی لە خۆیدا گومان لە شەرعییەتی خۆیدا هەیە، چونکە لە زۆرێك لە ناوچەکانی عێراق تەنانەت بە رێژەی ٢٠٪ بەشدارییان لە هەڵبژادن نەکردووە، ئەوە رێژەی بەرزی بەشداربووانی هەرێمی کوردستانە کە وایکردووە ئەم رێژەیە بەرز ببێتەوە، هەر بۆیە ئەم پەرلەمانە لە ئێستادا گومان لەسەر شەرعییەتی هەیە و ناتوانێت دەستکاریی بابەتێکی وا هەستیار بکات، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر هەروەکو ئەوەی لەسەر زاری زۆر لە سەرکردەکانی کورد ئاماژەی پێ کراوە، ئەگەر پێویست بکات دەستوور هەموار بکرێتەوە و دیراسە بکرێت و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو ماددانە بکرێت و دووبارە دارێژرێتەوە، یەکێك لەوانە ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی عێراقە کە هەر بۆ ١٠٠ هەزار کەس یەك ئەندام پەرلەمان دانراوە، راوبۆچوونێکی زۆر هەیە کە دەڵێت پێویستە ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق جێگیر بکرێت بە ژمارەیەکی دیاریکراو بە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ کەس، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئەنجومەنی فیدراڵی دروست بکرێت، پێویستە دەوڵەتی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی راستەقینە کە لە چەند هەرێمێك پێکهاتبێت و ئەم هەرێمانە سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن، هەم لەحوکمڕانی و هەم لەمەسەلەی ئاوەدانی، لەبەر ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ ـەوە لە بواری پرۆسەی دیموکراسی و ئاوەدانی دەستی پێکردووە کە سەرەڕای تێبینییەکان لە سەر قۆناغە جیاوازەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لە زۆر بواری ئاوەدانی و سەقامگیریدا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەپێشتر و باشترە. حوکمڕانانی عێراق دەبێت ئەو

**گوتارەکانی مەرجەعییەت نابێتە جێگرەوەی دەستوور، بەڵکو چوارچێوەیەکی گشتی دیاری دەکات و تەدەخول لە وردەکارییەکان ناکات، گوتارەکانی مەرجەعییەت زیاتر بۆ حزبە سیاسییەکانی شیعەیە لە عێراق، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەوان زۆرینە و باڵادەستن لە پەرلەمانی عێراق**

**بە شێوەیەکی گشتی رەنگە ئیشکالیاتی زۆری هونەری بێتە پێش کۆمیسیۆن، ئەمانەش هەمووی وادەکات هەڵبژاردنی پێشوەختە زۆر دوابکەوێت، بەتایبەتی کە بیروبۆچوونی زۆر جیاواز لە نێوان هەرسێ پێکهاتەکەی کورد و عەرەبی شیعە و سوننەش هەیە**

**مەرجەعییەت دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە پەیام و بۆچوونەکانی لە خزمەت ئەوەدا بێت کە سەقامگیری و دادپەروەری بچەسپێنێت و لە پێناو پاراستنی سەقامگیریی عێراق و بژێویی ژیان و گوزەرانی خەڵک و گەلانی عێراقدا بێت**

**گۆڕینی سیستەمی سیاسیی عێراق بۆ سەرۆکایەتی، داواکاریی خۆپیشاندەران نەبووە، من وای دەبینم ئەمە زیاتر داواکاریی ئێرانە بۆ دروستبوونی حوکمێکی مەرکەزی لەو روانگەیەی کە شیعە زۆرینەیە لە عێراقدا**

قەناعەتەیان لا دروست بێت کە دوای ١٠٠ ساڵ لە حوکمڕانیی مەرکەزییەت شکستیان هێناوە و دەوڵەتی عێراق بە مەرکەزییەت بەڕێوە ناچێت، هەر بۆیە دەبێت ڕێز لە دەستوور بگیرێت و عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵیی ڕاستەقینە .

*** بەڵام خۆ دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو ئەگەر و تەحەددییەکان خۆی ئامادە بکات، بەتایبەتی ئەگەر بێتو بەغدا ڕێچکەیەکی جیاوازی لە مەرکەزییەت و دوور لە بنەما دەستوورییەکان پیادە کرد، هەروەکو چۆن لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە پێشێلکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێی کردووە، لەم ئەگەرەدا دەبێت کورد چی بکات؟**

- بۆ یەکلاکردنەوەی پرس و بابەتەکان بەردەوام سەردانی هەولێر دەکرێت و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعییەتی کورد و ناوەندی بڕیار دەکرێت، ئەمەش لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا کوردی وەکو فاکتەرێکی گرنگ هێشتۆتەوە، بێگومان لە دوای سەردانەکەی جەنابی بارزانی بۆ بەغدا هاوکێشەکان بەو ئاراستەیەدا وەرچەرخا کە ئێمە بەشێکین لەدەوڵەتی عێراق و دەمانەوێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکانمان چارەسەر بکەین و هەر بەم دەستوورە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێت، لە پرسی یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پرسی نەوت و ماف و شایستە داراییەکانی پێشمەرگە وەکو هێزێکی سەرەکی لە سیستەمی بەرگری عێراق و هەروەها پرسی نەوت و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق و هەموو گرفت و کێشە داراییەکانی دیکە، جگە لەمانە جێبەجێکردنی دەستوور بۆ بونیادنانی دامودەزگا فیدڕاڵییەکان، لەمەشدا ڕۆڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێتە پێشەوە و پێویستە بەو ئاراستەیە کار بکات کە هەموو ئەم خاڵانە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە سیاسییەکان بخاتە ناو چوارچێوەی یاساییەوە، هەرچەندە بە بۆچوونی من لەم قۆناغە و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە زۆر زەحمەتە هەموو ئەم کێشە و گرفتانە کاری لەسەر بکرێت، چونکە تا حکومەتێکی نوێ دانەمەزرێت و بارودۆخی عێراق سەقامگیریی بە خۆیەوە نەبینێت، ناتوانرێت قسەی جددی لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان بکرێت، هەربۆیە زۆر لەو بابەتانە بە هاوشێوەی ساڵی ٢٠١٩ لە ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت، بۆ نموونە: پشکی کوردستان لە بودجە و مەسەلەی مووچە لە ڕووی یاساییەوە تا بودجەی ٢٠٢٠ پەسەند نەکرێت بە هاوشێوەی بودجەی ٢٠١٩ دۆخەکە بەردەوام دەبێت. هەرێمی کوردستان چاودێریی دۆخی عێراق دەکات و ئەوەی هەیە و لە سەرجەم بوارەکانی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا نایەت، لە ڕووی ئەمنیشەوە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە و لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسی کوردستانەوە بەرچاوڕوونی هەیە، ئێمە ئومێد دەکەین ڕۆڵی کوردیش بەو ئاراستەیە بچێت کە بەغدا سەقامگیریی بەخۆیەوە ببینێت و بارودۆخی عێراق تێك نەچێت، لەبەر ئەوەی تێکچوونی سەقامگیریی عێراق کاریگەریی و شوێنەواری نەرێنیی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، ئێمە لە هەرێم ئەزموونی پێشترمان هەیە، کاتێك داعش هاتە موسڵ و ئەنبار و تکریت و ناوچەکانی دیکە ئاوارەیەکی زۆر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان وەکو ماڵی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ کردن، بەڵام دەرئەنجام قورساییەکی زۆریان خستە سەر بودجەی هەرێم و بوارە خزمەتگوزارییەکان و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە دەرئەنجامی بوونی ئەو ساقامگیرییە سیاسییە، سەقامگیریی ئابووریش دەبێت و دەرئەنجام بۆ دۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان قازانجی دەبێت. بۆیە لەم دۆخە سیاسی و ئەمنییە ئاڵۆزە و لە ململانێیەی نێوان ئێران و ئەمریکا لە گۆڕەپانی عێراقدا، دەبێ دەسەڵاتدارانی بەغدا دەرچن لە هەژموونی ئیقلیمی بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق و دوورخستنەوەی لە شەڕ بە هەل بزانن، ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەزموونی لوبنان دووبارە دەبێتەوە و لە حاڵەتی فراوانبوونی ململانێکەدا، ژێرخانی ئابووریی عێراق وێران دەبێت.

**کوردیش وەکو بەشێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی عێراق و هاوبەشی کۆی پرۆسەکەیە و لایەنێکی سەرەکییە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و ڕاوبۆچوونی خۆی هەیە**

**حوکمڕانانی عێراق دەبێت ئەو قەناعەتەیان لا دروست بێت کە دوای ١٠٠ ساڵ لە حوکمڕانیی مەرکەزییەت شکستیان هێناوە و دەوڵەتی عێراق بە مەرکەزییەت بەڕێوە ناچێت**

**بۆ یەکلاکردنەوەی پرس و بابەتەکان بەردەوام سەردانی هەولێر دەکرێت و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەعییەتی کورد و ناوەندی بڕیار دەکرێت، ئەمەش لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا کوردی وەکو فاکتەرێکی گرنگ هێشتۆتەوە**

**پێویستە دەوڵەتی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵیی ڕاستەقینە کە لە چەند هەرێمێک پێکهاتبێت و ئەم هەرێمانە سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن، هەم لەحوکمڕانی و هەم لەمەسەلەی ئاوەدانی**

# ساڵی نوێ
# چ شتێکی بۆ عێراق پێیە؟

مانگەکانی دوماهیی ساڵی٢٠١٩ بۆ عێراق تەژی بوون لە گرژی و ئاڵۆزی و خۆپیشاندان، ساڵی بە ناچاری دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو. ئەو سەرۆك وەزیرانەی کە بە تەوافوقێکی ناکۆنکریتی و سستیی لایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنانی کابینەی حکومەت هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام تەمەنی حکومەتەکەی نەك چوار ساڵی تێپەڕ نەکرد، بەڵکو نەیانهێشت دوو ساڵیش تەواو بکات و فراکسیۆنە هاومەزهەبەکانی خۆی و بەتایبەت هەر یەکە لە (سائیرون و فەتح) پشتیان تێکرد و ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە و حکومەتەکەی ببێتە حکومەتێکی کاربەڕێکەر، رەنگە بتوانین بڵێین د.عادل عەبدولمەهدی تاکە سەرۆك وەزیرانی دوای (مالیکی) و (عەبادی) بوو کە بە نەفەس و نییەتێکی دوور لە کینە دەیڕوانیە هەرێمی کوردستان.

رۆژ بە رۆژ گرفت و کێشەکانی عێراق زیاد دەبن، بێ ئەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەم کێشەو گرفتانەش چەندەی بە هۆی ئیدارەدانێکی ناتەندروستی حوکمڕانیی (١٦) ساڵەی عێراق و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاری و بەهەدەردانی پارە و سامانی وڵات و زیادبوونی گەندەڵی و چاکسازی نەکردن بێت، هێندەش زادەی بگرەوبەردەی نێو ماڵی شیعە و تەنگژە و کێشمەکێشی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێزەکانە لەسەر خاکی عێراق، ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت، زۆر مەترسیدارە و بەرپرسیارێتییەکەشی لەسەر شانی ئەو لایەن و کەسانەیە کە بە بێ رەچاوکردنی بەرژەوەندیی گەلی عێراق و لە پێناو ئەجیندای غەیری عێراقی، عێراقیان بەرەو ئەو بارودۆخە برد و بەنیازن بیکەنە گۆڕەپانێك بۆ یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییە دەرەکییەکان لەسەر خاکی خۆیان.

هەر لە پێش ساڵی ٢٠١٤ـەوە و بەتایبەت لە سەردەمی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات (نوری مالیکی)و ئەو کاتەی کە شارێکی گەورەی وەك موسل بۆ داعش چۆڵ کرا، زەنگی مەترسیی هەڵدێرانی عێراق لێدرا.

ئەو کاتەی کە بنەما سەرەکییەکانی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقی دوای (٢٠٠٣) پشتگوێ خران و شەراکەت و تەوافوق و تەوازون پێشیل کران، ئەو کاتەی بە بڕیاری سیاسی و دوور لە دەستوور و یاسا، بودجە و قوت و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بڕدرا، ئەو کاتەی پێچەوانەی دەستووری عێراق و بە فەرمانی (عەبادی) تانکی (ئەبرامز)ی ئەمریکی و بە هاوکاری حەشدی شەعبی و هێزی ئیقلیمی بەسەر لاشەی پاکی پێشمەرگەدا تێپەڕی و خەڵکی کوردی لەسەر خاکی خۆی ئاوارە کردو هیچ کەس و وڵاتێکی زلهێز بە شێوەیەکی جددی نقەی لێوە نەهات، ئا لەو کاتەوە عێراق بەرەو داهاتوویەکی

**جەنابی سەرۆک بارزانی لە مێژە پێشبینیی ئەو مەترسی و گرفتانەی کردووە کە بەرۆکی عێراقیان گرتووە و بوونەتە هۆی ئەوەی عێراق بگاتە لێواری تێکچوون و بگرە لەناوچوونیش**

**د.عادل عەبدولمەهدی تاکە سەرۆک وەزیرانی دوای (مالیکی) و (عەبادی) بوو کە بە نەفەس و نییەتێکی دوور لە کینە دەیڕوانیە هەرێمی کوردستان**



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نادیار هەنگاوی نا، ژمارەی میلیشیاو هێزە چەکدارە نادەستوورییەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت زیاد بوون، بە زۆرینەی شیعە لە پەرلەمان یاسایەکیان بۆ دەرچوواند و خستیانە چوارچێوەیەکی یاسایی، هێزێکی چەکدار دروست بوو کە نە سەرۆك کۆمار، نە سەرۆك وەزیران و نە سەرۆك پەرلەمان و پەرلەمانیش دەسەڵاتیان بەسەردا ناشکێت و ناوێرن لە گوڵ کەمتریان پێ بڵێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بودجەیەکی مەزنشیان بۆ تەرخان کردوون.

عێراقی ئێستا، دەوڵەتی میلیشیا و مەزهەب و تائیفەگەرییە، غیابی دەوڵەت و حکومەتی هەیە و دەوڵەتی هاووڵاتیبوون و خزمەتگوزاری دوو چەمکی نامۆن بە دەوڵەتی عێراق، هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، دەوڵەتی عێراق نەیویستووە بە قەناعەتی تەواو و بەبێ جیاوازی لە خزمەتی هاووڵاتیانیدا بێت، هەمیشە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی پێشێل کردووە، هەر بۆیەش کەمن ئەوانەی لە ناخی دڵەوە عێراق بە دەوڵەتی خۆیان بزانن، چونکە تەنیا پەیوەندیی پارچە کاغەزێك بە ناوی (رەگەزنامە) ئەوان بە عێراقەوە دەبەستێتەوە، نەك پەیوەندیی رۆحی و ئینتیمای تاك بۆ وڵات.

جەنابی سەرۆك بارزانی لە مێژە پێشبینیی ئەو مەترسی و گرفتانەی کردووە کە بەرۆکی عێراقیان گرتووە و بوونەتە هۆی ئەوەی عێراق بگاتە لێواری تێکچوون و بگرە لەناوچوونیش، بەڵام لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەبێ گوێگرتن هەر قەوانەکەی خۆیان لێداو باجی ئەو قەوان لێدانەش تەنیا خەڵکی عێراق دەیدات، بە هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکانەوە.

ئەو رووداوانەی کە لە دوارۆژەکانی ساڵی (٢٠١٩) لە بەغدا روویاندا و ئەندام و لایەنگرانی حەشدی شەعبی بە سەرکردایەتیی بەشێك لە فەرماندەکانیان هەڵیانکوتایە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا، بە تەواوی دەرخەری ئەوەیە کە ئەو میلیشیایانە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقن، چونکە بینیمان، چۆن دەرگای ناوچەی سەوز بۆ ئەندام و لایەنگرانی حەشدی شەعبی خرایە سەر پشت، بۆ ئەوەی بچنە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئۆکتۆبەرەوە تا ئێستا خۆپیشاندەران هەموو هەوڵێکیان داوە و خوێنیشیان بۆ رێشت و گیانیشیان فیدا کرد، بەڵام نەیانتوانی بستێکیش نزیکی دەرگاکەی ببنەوە، چ جای ئەوەی دەرگاکەیان بۆ بکرێتەوە.

ئەم هەڵکوتانە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، جگە لەوەی دەریخست میلیشیا حوکمی عێراق دەکات، ئەو پەیامەشی بە گوێی دنیادا چرپاند کە حکومەتی عێراق ناتوانێت گەرەنتی پاراستنی باڵوێزخانە و کونسوڵخانە و نێردە دیپلۆماسییەکان بکات. هەروەها ئەوەشی

**له پێش ساڵی ٢٠١٤ـەوە و بەتایبەت لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات (نوری مالیکی)و ئەو کاتەی کە شارێکی گەورەی وەک موسڵ بۆ داعش چۆڵ کرا، زەنگی مەترسیی هەڵدێرانی عێراق لێدرا**

**عێراقی ئێستا، دەوڵەتی میلیشیا و مەزهەب و تائیفەگەرییە، غیابی دەوڵەت و حکومەتی هەیە و دەوڵەتی هاووڵاتیبوون و خزمەتگوزاری دوو چەمکی نامۆن بە دەوڵەتی عێراق**



**هەڵكوتانە سەر باڵوێزخانەی ئەمریكا لە بەغدا، جگە لەوەی دەریخست میلیشیا حوكمی عێراق دەكات، ئەو پەیامەشی بە گوێی دنیادا چرپاند كە حكومەتی عێراق ناتوانێت گەرەنتی پاراستنی باڵوێزخانە و كونسوڵخانە و نێردە دیپلۆماسییەكان بكات**

**دوای تێپەڕبوونی (١٦) ساڵ بەسەر ئازادكردنی عێراق و رووخاندنی رژێمی بەعس لە لایەن ئەمریكاوە، هێشتا دڵی شیعەكان كە زۆرینەی عێراق پێكدەهێنن، پترویتر بۆ مەزهەبەكەیان دەتەپێت و هاوسۆزی ئەو لایەنانەن كە هاومەزهەبیانن**

پێ گوتین كە سیاسەتی ئەم چەند ساڵەی ئەمریكا لە عێراق لە رووی شوێنخۆشكردن و جێكردنەوە خۆی لە عێراق سەركەوتوو نەبووە.

ئەگەر ئەو كاتەی كە رووداوەكانی (١٦)ی ئۆكتۆبەر روویاندا و لە هێرشكردنە سەر كەركووك و ناوچەكە كوردستانییەكانی دەرەوەی سنووری هەرێم كە لە لایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و بە یارمەتی دەوڵەتی ئیقلیمی و میلیشای بیانی و بە بەكارهێنانی چەك و تانكی ئابرامزی ئەمریكی لە دژی هێزی پێشمەرگەی هاوپەیمانی ئەمریكا ئەنجام درا، ئەمریكا بێدەنگی هەڵنەبژاردایە و ئەم بابەتەی بە جددیتر وەگرتبایە، ئێستا ئەو میلیشیایانە ئەو مافەیان بە خۆیان نەدەدا كە بە دەرگای خراوە سەر پشت، پەلاماری باڵوێزخانەی ئەمریكا بدەن.

شتێكی شاراوە نییە كە ئێران و ئەمریكا هەردووكیان لە عێراق نفووزی بەرچاویان هەیە و عێراقیش بەسەر هەردوو بەرەدا دابەش بووە، جگە لەوەی كە بەرەیەكی سێیەمیش هەیە كە بەرەی یاخین لە دەوڵەت و ژمارەیان كەمە و ناتوانن كاریگەریی بەرچاو دروست بكەن، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە كە لەو رووداوانەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا هاتنە پێش، كامەیان (ئەمریكا یان ئێران) توانییان براوە بن؟

ئەوەی ئاشكرایە و دەكرێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە كە دوای تێپەڕبوونی (١٦) ساڵ بەسەر ئازادكردنی عێراق و رووخاندنی رژێمی بەعس لە لایەن ئەمریكاوە، هێشتا دڵی شیعەكان كە زۆرینەی عێراق پێكدەهێنن، پترویتر بۆ مەزهەبەكەیان دەتەپێت و هاوسۆزی ئەو لایەنانەن كە هاومەزهەبیانن، بۆیە دەبینین دوای ئەو هێرشەی ئەمریكا كردەیە سەر (حزب اللە)ی عێراق، هەوڵەكان لە عێراق بۆ ئەوە چڕبۆتەوە كە لە ساڵی نوێدا بە پێشنیارە یاساییەك لە نێو پەرلەمان كار بكەن بۆ وەدەرنانی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق، بەڵام ئایا بە راستی دەتوانن ئەم كارە بكەن؟ رەنگە بە دەنگدان لە پەرلەمان و بەدەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارە شیعەكان و هەندێكی سوننەش و تاكی تاكی كوردیش (ئەوانەی هاوسۆزی حەشدی شەعبین) بەتایبەت ئەو كوردانەی كە دوای پەلاماردان و گرتنی كەركووك لە (١٦)ی ئۆكتۆبەرەوە بە شان و باڵی ئەوانیان هەڵدەدا، بتوانن یاسایەك دەرچوێنن، بەڵام ئایا ئەمریكا مەیدانیان بۆ چۆل دەكات؟ بێگومان ئەستەمە، مەگەر



خوانەخواستە بیانەوێت هاوکێشەکە بە ڕێگەیەکی دیکە یەکلا بکەنەوە و ڕێگەی توندوتیژی و چەك بەکار بێنن، کە بەم ڕێگەیەشەوە هەموو تاکێکی ئەم عێراقە زەرەرمەند دەبێت.

خەڵکی عێراق لەو بگرەوبەردەیەی لە عێراق هەیە، ماندوو بوون، تا ئێستاش کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران یەکلا نەکراوەتەوە، بودجەی ساڵی (٢٠٢٠) ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە، ماوەی دەستوورییەکان تێپەڕین و کەس ناپرسێت ئەرێ کاندیدەکەی پێکهێنانی حکومەت بۆ دیار نەکرا. ئایندەی عێراق ناڕوونە و عێراق بەرەوە تاکڕەوی و مەرکەزییەت هەنگاو دەنێتەوە، عێراق کراوەتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی گرفتەکانی خەڵکی دیکە، دەرهاوێشتەکان پێمان دەڵێن ساڵی (٢٠٢٠) ساڵی خێر و خۆشی نابێت بۆ عێراق و ئاڵۆزی و پشێوی زیاتر ڕوو لە عێراق دەکات، سەقامگیریی سیاسیی لە عێراق بوونی نییە، پرسی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەك خۆی ماوەتەوە، پەلاماری باڵوێزخانەی ئەمریکا و کێشمەکێشی ئێران و ئەمریکاش لەسەر خاکی عێراق بە زەقی هاتە گۆڕێ، هەر بۆیە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە تایبەت (لایەنە شیعییەکان) ئەو لایەنە سیاسییانەی کە بەرپرسیارییەتی زیاتریان دەکەوێتە سەر شان، دەبێت بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق لەبەرچاو بگرن و دوور لە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی و ململانێ و گرفتی خەڵکی دیکە، خزمەتی خەڵکی خۆیان بکەن و باری لاربووی سەر شانی عێراق ڕاست بکەنەوە و نەبنە هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی عێراق وەك گۆڕەپانی تەسویەکردنی هاوکێشە سیاییەکان کە لە ناوچەکە هەیە.

عێراق پێویستی بە سەقامگیریی ئەمنی و ئابووری هەیە و ناکرێت وا بێ منەت بێت بەرامبەر ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی کە وڵاتانی دیکە و بەتایبەت هاوپەیمانان و ئەمریکا لە شەڕی دژی تیرۆر پێشکەشی عێراقیان کردووە، ئەم کارە نەك سوود بە عێراق ناگەیەنێت، بەڵکو لە ماوەیەکی نە زۆر دوور، گێژاوی کێشەکانی عێراق زیاتر و زیاتریش دەکات. لە پێناو هێنانەدی ئەم سەقامگیرییەش پێویستە دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو و ڕوونتر مامەڵە لە گەڵ پێشهاتەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی بکات و بەرژەوەندیی خەڵکی عێراقی لە هەموو شتێکی دیکە لا گرنگتر بێت.

**دەرهاوێشتەکان پێمان دەڵێن ساڵی(٢٠٢٠) ساڵی خێر و خۆشی نابێت بۆ عێراق و ئاڵۆزی و پشێوی زیاتر ڕوو لە عێراق دەکات**

**عێراق پێویستی بە سەقامگیریی ئەمنی و ئابووری هەیە و ناکرێت وا بێ منەت بێت بەرامبەر ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی کە وڵاتانی دیکە و بەتایبەت هاوپەیمانان و ئەمریکا لە شەڕی دژی تیرۆر پێشکەشی عێراقیان کردووە**

# مانیفێست.. راستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان دەربارەی کوردانی سووریا


( ٢ )

یەکەم: چەمکە هەڵەکان لەسەر ئاستی نیشتمانیدا

١- فەرامۆشکردنی فەرمیی درێژخایەن لە هەبوون و مافەکانی کورد، لەگەڵ رێکاری پراکتیکی و دواجاریش لە ئامارێکی ئیستیسنائیی بۆ ئامانجی رەگەزپەرستی، ئەمە وێڕای فەرامۆشکردنی مافی هاوولاتیبوون، هەروەها سەپاندنی کۆت و بەندییەك بۆ خزمەتکردنی گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی بۆ بە یاساییکردنی ئەم فەرامۆشکردنە، مێژووی تۆمارکراوی سووریا هەر لە دانانی یەکەم دەستوور لە بیستەکانی سەدەی رابردوو دواتریش پاش ئەوەی مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندن لە حزبی بەعس دوای کودەتا سەربازییەکەی سەرەتای شەستەکان، بۆ نووسینەوەی مێژووی وڵات بەدەر لە راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع، هاوکات بەڵگەکانیش بۆ فرە پێکهاتە نەتەوەییەکان لە سەرووشیانەوە کورد، لەگەڵ بەڵگەی چەسپاو لە جوگرافیای نیشتمانیدا گرنگن، هەروەها بەڵگەنامەی زۆر کە رەنگدانەوەی بڕیارەکانی دەستە و دامەزراوەکانی جیهانین، وەك رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ و سان ریمۆ و سیڤەرو لۆزان، پەیوەست بە چارەنووسی کورد، لەوانەی کە لە کۆمەڵەی گەلان و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوون.

٢- فەرمانگەی رۆشنبیریی سەر بە قیادەی قەومیی بەعس راسپێردرا بۆ سەرپەرشتیکردنی رەوشی مێژووی سووریا و دانانی کتێبەکانی پەروەردە و خوێندن بەو شێوەیەی خۆیان هەڵیدەبژێرن و لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای شۆڤینیی بەعسدا بگونجێت، هەموو ئەمانە بوونی فرە نەتەوەیی رەتدەکەنەوە و پەل دەکێشن بۆ کۆمەڵگایەکی تاکپێکهاتە، مێژوویەکی بەسیاسەتکراوی بە ئایدیۆلیژیاکراو دەسەپێنێت، سەپێنراو بەسەر رێسای تاکنەتەوەیی، تایفەگەری، حزبی، نکوڵیکردن لە هەبوونی ئەوانی دی لە کورد، تورکمان، چەوساندنەوەی تایفەو توێژەکانی دیکە، دیارە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیی سووریا لەوەتەی دامەزراوە، ئەرکی پێشینەی نووسینەوەی مێژووی سووریا بووە، کە لەلایەن رژێم و حوکمڕانە یەك لە دوای یەکەکان، بەتایبەتیش بەعسی ستەمکار دوچاری ساختەکاری و شێواندن و بە لاڕێدا بردن بووەتەوە.

٣- لە بواری پێناسەی کوردیشدا، دوور و نزیك دەزانن کە بزووتنەوە نیشتمانییە سیاسییەکەیان یەکگرتوو نییە، بە ئانقەست کورد وەك گەلێك لەگەڵ حزبە کوردییەکان تێکەڵ دەکرێن، چل حزب هەن هەندێکیان سەر بە ئەجێندای دەرەکین، یان خزمەتی سیاسەتەکانی رژێم و لایەنە ئیقلیمییەکان دەکەن، یانیش سەرکوتکاری بەرامبەر لە خۆجیاواز پیادەدەکات، شتێکی بابەتییانە نییە ئەوەی پەکەکە دەیکات بە هەڵوێستی کوردی سووریای دابنێین، یان سیاسەتەکانی هەموو حزبەکانی ئەنەکەسە، یان هەر حزبێکی دیکە بە هەڵوێستی گەلی سووریا ناوی بەرین.



سەڵاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

٤- ناونانی سیفەتی جوداخوازی بەسەر هەر بزاڤێکی کوردیی سووری، لەکاتێکدا لە بەرنامەکانی هەر حزبێك، یان گروپێك، یان رەوتێکی سیاسیدا لەوەتەی دەوڵەتی سووریا دامەزراوەو تا ئێستا، هیچ ئاماژەیەك نابینین کە بانگەشە بکات بۆ جیاکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکان لە جوگرافیای سووریا، بەڵکو جەخت دەکەنەوە لەسەر پێکەوەژیان، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کوردانی سووریا گەل نین بە هەموو مواسەفاتەکان، یان دانیشتووانی رەسەن نین، بۆیە مافی سرووشتی و مرۆیی و دیموکراسیی خۆیانە کە بە ویستی خۆیان چارەنووسی ئیداری و سیاسی و داهاتوویان دیاری بکەن، بەڵام لە رێی بزووتنەوە سیاسییەکان، بڕیاری چارەنووسیی خۆیان هەڵبژارد بەو شێوەیەی کە دەیەوێت لە رێی راپرسییەوە و لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی سووریادا، کە هەموو پێکهاتە براکان کۆدەکاتەوە، لەسەر بناغەیەکی شەراکەتی دادپەروەرانە لە دەسەڵات و سامان و بڕیاردا بەپێی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی ئازاد کە دەستووری تازەی خوازراوی سووریای نوێ فەراهەمی دەکات.

٥- دانانی هەموو رەوتە سیاسییەکانی کورد لە یەك سەبەتەدا، لە کاتێکدا دەبینین کە فرەیی لە فیکر و رۆشنبیری و سیاسەت و تەنانەت کۆمەڵایەتیشدا هەیە، لەسەر ئاستی کورد و نیشتمانی گشتیدا ئایینیی توندڕۆ هەیە تا دەگاتە ئاستی مەیلی تیرۆر، نەتەوەپەرستیی میانڕەو هەیە، دەمارگیریش هەیە تا رادەی توخمپەرستی، لەنێو عەرەبیشدا هەیە( ئەوان زۆرینەن) کە نەتەوەی جیاواز چ کورد یان تورکمان بێت رەت دەکاتەوە، تا ئاستی بە زۆر سڕینەوە، لەنێو عەرەبی موسڵماندا هەیە (ئەوانیش هەر زۆرینەن) ئایینەکانی دیکە رەتدەکاتەوە، چ کریستیان، یان ئێزیدی، یان جوو بن، تا ئاستی بەئیسلامکردنیان، یان دانانی سەرانە، عەرەبی سوننەش هەن (زۆرینەن) دژایەتیی مەزهەبەکانی دیکە دەکەن، لە بەرامبەریشدا هەندێك هەن (بوونەتە قوربانی ) ژمارەیان کەمترە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکە، کە ئەگەر دژایەتیی زۆرینە بکەن دەکرێنە ئامانج.

٦- نکۆڵیکردن لە بەشداریی کورد، یان بەشی زۆریان لە شۆڕشی سووریادا، لە کاتێکدا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سووریا و سەرهەڵدانی کۆمەڵە و بزووتنەوە کوردییەکان تا دەگاتە پەیدابوونی یەکەم حزبی کوردی، هەڵوێستی سیاسیی زۆرینەی کورد لە سەنگەری ئۆپۆزسیۆندا بووە، هەروەها لە بەرەنگاربوونەوەی رژێم و حکومەتە دیکتاتۆر و شۆڤینییەکان ئەگەر دوورتر بڕۆین، دەبینین کە بزووتنەوە کوردییەکان لە پێشەوەی راپەڕین و شۆڕشەکاندا بوون، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خستنە ژێر چاودێری و ئیمپریالیزم و هەروەها لە شەڕەکانی سەربەخۆییدا دیسان زۆرینەی کورد لە شۆڕشەکانی سووریادا بەشداربوون، کە ئامانجیان لە مەدا رزگاربوون بووە، بە تایبەتیش لاوان و

**بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیی سووریا لەوەتەی دامەزراوە، ئەرکی پێشینەی نووسینەوەی مێژووی سووریا بووە، کە لەلایەن رژێم و حوکمڕانە یەک لە دوای یەکەکان، بەتایبەتیش بەعسی ستەمکار دوچاری ساختەکاری و شێواندن و بەلاڕێدابردن بووەتەوە**

نیشتمانپەروەرە بێ لایەنەکان و لایەنگرانی هەندێ لە حزبەکان، ئەوانە شەهیدیان داوە، راپەڕینی بەرگریی ساڵی ٢٠٠٤ یش کە لە قامشلی سەری هەڵداو هەموو ناچە کوردنشینەکانی گرتەوە، دەستپێکی پرۆژەیەکە کە تەواونەکراوە، کە دواتر گۆڕی بۆ راپەڕینێکی نیشتمانیی سەرتاسەری، ئەگەر مەرجە خودییەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی بە گشتیی و کوردی بە تایبەتی نەبوایە.

دووەم- چەمکە چەوتەکان لەسەر ئاستی کوردیدا

**لەوەتەی دەوڵەتی سووریا دامەزراوە تا ئێستا، هیچ ئاماژەیەک نابینین کە بانگەشە بکات بۆ جیاکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکان لە جوگرافیای سووریا، بەڵکو جەخت لەسەر پێکەوەژیان دەکەنەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کوردانی سووریا گەل نین بە هەموو مواسەفاتەکان، یان دانیشتووانی رەسەن نین**

**لە دامەزراندنی دەوڵەتی سووریا و سەرهەڵدانی کۆمەڵە و بزووتنەوە کوردییەکان تا دەگاتە پەیدابوونی یەکەم حزبی کوردی، هەڵوێستی سیاسیی زۆرینەی کورد لە سەنگەری ئۆپۆزسیۆندا بووە**

**هەندێک لە بەناوحزبییەکان کە هەندێکیان ناسراون، چەند ساڵێکە رەواجی گریمانەیەکی چەوتی ئیستیفزازیی ناواقیعی دەدەن، کە رەنگە مەبەستدار بێت و بەرامبەر نرخێک بێت، دەربارەی هەوڵەکان بۆ لکاندنی هەرێمی کوردستانی عێراق لە رووی جوگرافیاوە بە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە**

١- دانانی حزبەکان بەوەی هەر یەك لە گروپەکانی پەکەکە و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی و ئەوانەی لەگەڵیانن لە رێکخراو و گرووپەکان، ئەوانن نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکەن و پرۆژەیەکی نیشتمانییان پێیە، هەروەها ژیانی کورد لای ئەوان دەست پێ دەکات و هەر لای ئەوانیش کۆتایی دێت، ئەمە گریمانەیەکی هەڵەیە، لەکاتێکدا بێ جیاوازی شەرعییەتیان نییە، رێگاپێدانی نەتەوەییشیان نییە و سەرکردایەتییەکانیان دیاریکراون، لە گەڵەوە هەڵنەبژێردراون، لە سەرەتای شۆڕشی سووریاشەوە پێش نۆ ساڵ، لە دەست جەماوەر و پاراستنیاندا نەبوون، پەناگەشیان بوو بە ناوەندیی دەرەکی بۆ (کۆمەکی ماددی و مانەوی) بە تێپەڕبوونی کات دەبنە بنیادنەری ئەجێندەکانیان، برواهێنان بە بیروباوەڕەکانیان، کۆپیکردنی گوتارەکانیان، ئەمەش گۆڕانکارییەکی جومگەیی زۆر مەترسیدارە، پەل دەکێشێت بۆ بچڕانی هەموو رایەڵێکی زیندوو لەگەڵ کێشەکانی کوردانی سووریادا، هەروەها زیانگەیاندن بە ریزی گەل.

٢- ئەم دۆخەی سەرەوە، بەهۆی دابڕانی سەرکردایەتییەکانی ئەو حزبانە لە پەرەسەندنەکانی واقیعی رۆژانەی سووریا و کورد، هەروەها خەریکبوون بە رووداوەکانی باکوور و باشوور وەك ئەولەوییەت، هاوکات رۆچوونە نێو سیاسەتە ئیقلیمییەکان و پاشکۆیەتیکردن بە هەر نرخێك بێت لای هێزە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە دۆسێی سووریا، ئەمانە سەرکردایەتییەکانی ئەو حزبانە پاڵدەدات لە شێوەیناموبوون و دوورکەوتنەوە لە ناوەندەکانی کاریگەری و بڕیاری هەردوو چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەنجامی کۆتایی ئەوە دەبێت کە خزمەتی سەربازی و لۆجیستی و سیاسی و پرۆپاگەندەیی پێشکەش بە رژێمی ستەمکار و هێزە داگیرکارەکانی بیانی بکەن، بەرامبەر زانیارییەك کە سەرۆك ترەمپ و وەلید موعەلیم و کەسانی دیکە لێرەو لەوێ ئاشکرایان کردووە.

٣- خۆجیاکردنەوەی حزبە کوردییەکان لە گەل، هەروەها ئەنجامەکانی رەفتاری لادەر لە هێڵی کوردایەتی، نامۆیی لە پەرەسەندنەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی، تەنانەت دوژمنایەتیکردنی ئیرادەی سوورییەکان لەلایەن هەندێکیانەوە لەپێناو رزگاربوون لە ستەمکاری و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دیموکراسی، بڵاوکردنەوەی کولتووری رق و کینەی قێزەوەن، پیادەکردنی هەندێ کرداری تۆڵەسەندنەوە، ئەمانە ناوەندەکانی رۆشنبیرانی کوردی سووریای هاندا کە بکەونە ئەنجامدانی رەفتاری دوژمنکاری لەهەمبەر هەر کەسێك کە کورد نەبێت، بەتایبەتیش بەرامبەر شەریکانی عەرەب، تا رادەی خۆشویستنی ئیسرائیل، ئەمانە لەگەڵ هەندێ لە رەگەزپەرستانی عەرەب جیاوازییان نییە، کە دریغی ناکەن لە بڵاوکردنەوەی کولتووری سڕینەوەی کورد و نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد، هەردوولاش تەواوکاری یەکدین.

٤- هەندێك لە بەناوحزبییەکان کە هەندێکیان ناسراون، چەند ساڵێکە رەواجی گریمانەیەکی چەوتی ئیستیفزازیی ناواقیعی دەکەن، کە رەنگە مەبەستدار بێت و بەرامبەر نرخێك بێت، دەربارەی هەوڵەکان بۆ لکاندنی هەرێمی کوردستانی عێراق لە رووی جوگرافیاوە بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە، بە پاڵپشتیی ئیسرائیل و کەنداو، بۆیە لە ئاکامی گەلەکۆمەکی ناوەندە شۆڤێنییەکانی دژ بە کورد، هەرێمی کوردستانی عێراق، کەرکوك و بەشێکی موسڵ و ناوچە کێشە لەسەرەکانی لەدەست چوو، کە بەکردەنی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، بەڵام لە سووریا کورد عەفرینی لەدەست دا، لەگەڵ زیاتر لە نیوەی پارێزگای حەسەکە-جەزیرە-، هەروەها چۆڵکردنی ناوچەکانی دیکە لە دانیشتووان، بەتایبەتیش لە توێژی لاوان و بەرهەمهێنەران.

٥- سەرکردایەتییەکانی ئەو حزبانەی سەر بە دەسەڵاتی ئەمری واقیعن کە لە واقیعی کوردیی سووریاوە دوورن، خەیاڵ وای لێ کردن کە ناوچە کوردنشینەکانی سووریا بە بنکەی پێشەوەی

ناوەندی سەربازیی قەندیل دابنێن، هەروەها سوود لە خێروبێرەکانیان وەربگرن، لە نەوت و غاز و دانەوێڵە و هێزی مرۆیی بۆ پاڵپشتیکردنی سەرکێشییەکانیان و پێشکەشکردنی خزمەت بە گەورەکانیان، گۆڕینی ئەو ناوچانە بۆ پەکەکەلاند، بەڵام سەرکردایەتیی ئەنەکەسە خەون بە هەرێمێکەوە دەبینێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تێدا بسەپێنێت و سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەتیش بەدەست بهێنێت، هاوشێوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، جیاوازیی زۆریش هەیە لە نێوان ئەو دوو دۆخە لەسەر ئاستی مێژوویی و جوگرافی، چونکە لە هەرێمەکەدا زیاتر لە سەدەو نیوێکە تێکۆشان وشۆڕش و راپەڕین و خەباتی مەدەنی و قوربانیی زۆر هەیە، هەروەها سەرکردەی باڵا لە سەروویانەوە بارزانیی نەمر، هاوکات سەرکردایەتییەك هەیە کە گەل هەڵیبژاردووە و هەردوو شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و نیشتمانی هەڵگرتووە، ئەرکی لەپێشینەی هەیە نەك تەنیا بنیاتنانی کوردستان، بەڵکو پێش رووخانی دیکتاتۆرییەت وەك کۆمەکبەخش و مەرجەعییەتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بوو، بەڵام لە سووریا بەداخەوە هەر چی دەڵێیت بیڵی، چەند حزبێکی شکستخواردوو، سەرکردایەتیگەلێکی هەڵنەبژێردراو، بێ شەرعییەت و دابڕاو لە خەڵك و نامۆ لە نیشتمانپەروەری هەیە.

٦- پێداگریی سەرکردایەتیی حزبەکان بە شوێنەکانیان و وەستان دژی نوێبوونەوە و رێگەگرتن لە بەردەم نیشتمانپەروەرانی بێلایەن، هەروەها فەرامۆشکردنی هەموو دەستپێشخەرییەکانی چاکسازیی بۆ یەکگرتن، هاوکات نەهاتنە ژێر باری کۆنگرەی دەستەجەمعیی کوردیی سووریا، هەروەك لە پرۆژەی (بزاڤ) دا بۆ بیناکردنەوەی بزووتنەوەکە بەدەرکەوت، دواتر بانگەشەکردن بەوەی کە کوردی سووریا کەسایەتیی سەرکردایەتیی کاریزمایی نییە، قسەیەکی رەتکراوەی گومڕایی پاساوییە، زۆرجار روونمان کردۆتەوە کە لە ناو گەلەکەماندا چەندین خەباتگێڕی ئازا هەڵکەوتوون کە خاوەن کارامەیی و زانست و زانیارین، بەڵام ئەزموونی تایبەتیی بزووتنەوەکەمان پێویستی بە هەبوونی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی شەرعی هەیە، کە رووبەڕووی تەحەددیی قۆناغەکە ببێتەوە.

سێیەم- لە بواری کوردستاندا پێویستە چەمکە چەوت و زیانبەخشەکان بگۆڕدرێن، لابردنی دەسەڵاتخوازیی باڵە سەربازی و ئەمنییەکانی پەکەکە لەسەر شانی گەلەکەمان، دوای ئەوەی کە پاش قۆناخی داعش تەسلیم بە فەرمانەکانی هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بوو و کشایەوە و ئەوەی کە رزگاری کردبوو رادەستی رژێم و دەستەوپێوەندەکان و داگیرکەرانی دیکەی کرد، بە تایبەتیش کە گەلەکەمان پێویستی بە هێزی سەربازی نییە بۆ چارەسەرکرنی کێشەکەی، چونکە خەباتی ئەو، ئاشتییانە و مەدەنییانەیە، لەوەتەی دامەزراندنی یەکەم حزب و تا ئێستاش، کۆپیکردنی ئەزموونەکانی دیکەی قبووڵ نییە.

لەم بوارەدا مایەی سوود و بایەخە کە دوای کشانەوەی بەڕێزمسعود بارزانی (کە فایلی کوردی سووریای بەدەستەوە بوو) لە سەرۆکایەتیی هەرێم کە دەسەڵاتێکی زۆری فەرمیی هەیە، ئەو فایلە بە حکومەتی هەرێم بسپێرێت کە نوێنەرایەتیی هەموو هێزەکان دەکات، لەوانەش ناوەندی سلێمانی، تاکو بەشێوەی فەرمی و بەکۆمەڵ و یەکگرتوو مامەڵە لەگەڵ ئەم فایلە بکرێت، بەشێوەیەك رێگەکانی چارەسەری دۆخی کوردیی سووریا لای وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بێت و بە شێوەی شەفاف و ئاشکرا و بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان کە بریتییە لە پابەندبوون بە یەکسانی و فرەحزبیی ئازاد، پێویستە لە خێوەتگاکانی پەنابەرانی کەسوکارماندا پیادەبکرێت، کە لەلایەن رێکخراوەکانی ئەنەکەسەوە رووبەڕووی خراپترین مامەڵە دەبنەوە.

لە کۆتاییدا داوا لە شەریك و براو دۆستانمان دەکەم، بە تێڕوانینی پێشوویاندا بچنەوە لە هەمبەر دۆخی کوردی سووریادا، لەسەرروویانەوە چاوخشاندنەوە بەو چەمکەی کە حزبە کوردییەکانی سووریا نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکەن و خەمخۆری کێشەکەیانن، نیشتمانپەروەرانی بێلایەن زۆرینەن، ئەوان گوزارشت لە داخوازییەکانی گەلەکەیان دەکەن، وێڕای ئەوەی کە بەهۆی فشار و چەوسانەوە ریزەکانیان رێك نەخستووە، لەو باوەڕەشداین کە هەر دۆستێکی گەلەکەمان و دڵسۆزی ماف و ئاییندەکەی بێت، پێویستە رووی قسەی بکاتە نوێنەرانی زۆرینە کە بڕوای بە شەراکەت و گفتوگۆی ئاشتییانە و کاری نیشتمانیی هەیە، لە پێناو لەناوبردنی ستەم و وەدەستهێنانی ماف بۆ هەموو پێکهاتەکانی یەك نیشتمان.

**لە ئاکامی گەلەکۆمەکیی ناوەندە شۆڤینییەکانی دژ بە کورد، هەرێمی کوردستانی عێراق، کەرکووک و بەشێکی موسڵ و ناوچە کێشە لەسەرەکانی لەدەست چوو، کە بەکردەنی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون**

**سەرکردایەتیی ئەنەکەسە خەون بە هەرێمێکەوە دەبینێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تێدا بسەپێنێت و سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەتیش بەدەست بهێنێت**

**لە ناو گەلەکەماندا چەندین خەباتگێڕی ئازا هەڵکەوتوون کە خاوەن کارامەیی و زانست و زانیارین، بەڵام ئەزموونی تایبەتیی بزووتنەوەکەمان پێویستی بە هەبوونی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی شەرعی هەیە، کە رووبەڕووی تەحەددیی قۆناغەکە ببێتەوە**



**شێروان دووبەردانی**

**ئەندامی لیژنەی هەرێم و پارێزگاکان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# مەرجەعییەت و وتار و بڕیارەکانی دەیانەوێت شوێنی دەستوور بگرێتەوە

**هەندێ لایەنی سیاسیی عێراقی خۆپیشاندەران بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن**

**سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا وادەخوازێت ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانەی بەرامبەر بە کورد کراون، بە گفتوگۆی جددی و هەماهەنگییەکی یەکلاکەرەوە چارەسەر بکرێن، ئەمە و ڕۆڵی مەرجەعییەتی نەجەف لەو دۆخە ئاڵۆزەدا، هەروەها پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و چەند هاوکێشەیەکی دیکەی سیاسی تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ شێروان دووبەردانی ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق -لیژنەی هەرێمەکان و پارێزگاکان، پێکدەهێنن.**

*** ئاشکرایە کە ئەوەی لە خوتبەی ڕۆژی جومعەدا مەرجەعییەتی نەجەف دەیڵێت، بۆتە ئاماژە و نیشاندەری ئاراستە و ئاقاری پرۆسە سیاسیەکەن، ئایا لە ڕوانگەی وتارەکانی مەرجەعییەتەوە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو کوێ دەچێت؟**

- لە ئەنجامی فەشەلی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەتایبەتی لایەنی شیعە کە نەیانتوانی خزمەتی ناوچە و شارەکانی شیعە بکەن، لە ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ خۆپیشاندەران هاتنە سەر شەقام و داواکارییەکانیان خستەڕوو، ئەگەرچی ئەو خۆپیشاندەرانە نوێنەرایەتیی هەموو عێراق ناکەن، بەڵکو نوێنەرایەتیی بەشێکی عێراق دەکەن، بەتایبەتی نوێنەرایەتیی بەشی شیعەکان دەکەن، هاوکات مەرجەعییەتی شیعە لەگەڵ خۆپیشانداران داوایان کرد چەند یاسایەك بگۆڕدرێن و هەموار بکرێنەوە، کە یەکێك لە داواکارییەکان گۆڕینی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بوو بە کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆ و دوور لەلایەن و دەستی سیاسی، یاسای هەڵبژاردنەکانیش بگۆڕدرێت بە شێوازێك کە زۆرترین خەڵکی بێ لایەن لە ئەنجومەنی نوێنەران بەشدار بێت و حزب و لایەنە سیاسییەکان ڕۆڵیان تێدا نەبێت، گۆڕینی ئەو پرۆژە یاسایانەی وەك یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و گۆڕینی ئەندام و دادوەرەکان بە کەسانی سەربەخۆ و یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش لە داواکارییەکانی مەرجەعییەت و خۆپیشاندەران بووە.

*** ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە بارودۆخی سیاسی عێراق بێ ئەندازە ئاڵۆز بێت، بەڵام هێشتا پرۆسە سیاسیەکە لە دەستی هاوپەیمانی بینادایە، کە لە هەمان کاتدا هاوپەیمانەکانی فەتح و دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی گەورەی سوونەش وەك (حەلبوسی و خەنجەر) وبەم دواییەش ڕایگەیاندووە کە ئێمە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانین و کاندیدی خۆشیان داوەتە سەرۆك کۆمار، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئامانجی ئەم خۆپیشاندانانە ڕوخاندنی حکومەتی هاوپەیمانی بینیا، چۆن دەکرێت حەشدی شەعبی بە بەهێزترین فراکسیۆنی نێو ئەنجومەنی نوێنەران دابنرێت؟**

- ئەوانەی حەشد و میلیشیایان هەیە، سەر بە میحوەری بینان و لەلایەن شەقامەوەش بەوانە دەوترێت سەر بە ئێرانن، ئەوانەشی سەر بە میحوەری چاکسازی (ئیسلاح)ن، بە ناوی نیشتمانپەروەری و عێراقییەتەوە دژی دەستتێوەردانی وڵاتانی ئەقلیمین، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە چەندین ساڵە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لەناو هەموو جومگەکانی عێراق دەکرێت، ئەو هەقیقەتەش بەئاشکرا لەناو هۆڵی پەرلەمان و لە سیاسەتی عێراقدا لە نێوان هەردوو هاوپەیمانیی بیناو ئیسلاح دەبینرێت. بەڵام ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆکە فراکسیۆنێکی سەربەخۆین و پەیوەندی و دۆستایەتی و برادەرایەتیمان لەگەڵ هەردوو هاوپەیمانیی سیاسی لە عێراقدا هەیە و هاوپەیمانیمان لەگەڵ هیچ لایەنێك لەو دوو میحوەرەی عێراق نەبەستووە، ڕێز لە ماڵی شیعەش دەگرین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ئەزمە سیاسی و ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراق تێی کەوتووە، ڕزگاری بکەین، کار و پێشنیاریشمان هەبووە، تاوەکو ئەوان وەك مەرجەعییەت و خۆپیشاندەران و لایەنی سیاسیی شیعە بگەنە

**هاوپەیمانیمان لەگەڵ هیچ لایەنێک لەو دوو میحوەرەی عێراق نەبەستووە، ڕێز لە ماڵی شیعەش دەگرین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ئەزمە سیاسی و ئەو بارودۆخەئاڵۆزەی عێراق تێی کەوتووە، ڕزگاری بکەین**

**گلەیی خۆپیشاندەرانی شیعە لە کورد و سوننە نییە، بەڵکو گلەیی و داواکاریان لە لایەنەکانی شیعەیە و ئێمە لەگەڵ داواکارییە یاسایی و دەستوورییەکانی خۆپیشاندەرانی شیعەین**

تەوافوق و لە پاشان وەك پارتی و لایەنی كوردی قسەی لە سەر دەكەین.

*** دیارە لایەنە كوردستانییەكان بەگشتی و پارتی و یەكێتی بەتایبەتی دوو لایەنی سەرەكیی كوردستانین لەناو پرۆسە سیاسییەكەی عێراقدا و بەشدارن لە حكومەتی بەغدا، هەر بۆیە هەڵوێست و تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر ئەو گۆڕانكاریانە دەبێت، ئایا بەشێوەیەكی گشتی هەرێمی كوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسە سیاسییەكە و خواستەكانی خۆپیشاندەراندا دەكات؟**

- بۆ هەرێمی كوردستان زۆر گرنگە كە لە عێراق سەقامگیری هەبێت، وەك پارتی دیموكراتی كوردستانیش بۆمان گرنگە هەر لایەك و هەر میحوەرێك (بینا، یان ئیسلاح) بێت، رێز لە بەندەكانی دەستووری هەمیشەیی عێراق و مافی كورد و كوردستان بگرن، لەلایەكی دیكەوە پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران وەك تەوافوق و زۆرینە پشكی شیعەیە، بۆیە ئێمە تەدەخولی ئەوە ناكەین، تەنیا بە شێوەیەكی ئەرێنی نەبێت، ئەو كەسەش كە بۆ پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كاندید دەكرێت، بێگومان دەبێت رەزامەندیی كوردی لەسەر بێت، تاوەكو بتوانین وەك لایەنی سیاسی لە ئایندە و لە نزیكەوە بەردەوام بین لە دانیشتن و گفتوگۆ بۆ چارەسەركردن و جێبەجێكردنی ئەو ماددە دەستوورییانەی كە لە ٢٠٠٣وە چارەسەر نەكراون، چارەسەر و تێپەڕاندنیشی تەنیا بە تەوافوقی لایەنە سیاسییەكان و شراكەتی راستەقینە بە ئەنجام دەگات. لە لایەكی دیكەوە گلەیی خۆپیشاندەرانی شیعە لە كورد و سوننە نییە، بەڵكو گلەیی و داواكاریان لە لایەنەكانی شیعەیە و ئێمە لەگەڵ داواكارییە یاسایی و دەستوورییەكانی خۆپیشاندەرانی شیعەین، كە هەقی خۆیانە، چونكە زیاتر لە ١٦ ساڵە پاش ئەو هەموو ملیار دینارەی كە بۆ كارو پرۆژە خزمەتگوزارییەكان تەرخان كراون، بە هۆی گەندەڵیی هەندێك بەرپرسی لایەنە شیعەكانەوە گرنگیی بە پرۆژەكانی خزمەتگوزاری بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق نەدراوە، بەپێچەوانەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە پارتی دیموكراتی كوردستان سەرپەرشتیی حكومەتەكە دەكات، كە دەبینین سەرەڕای ئەو غەدرو مافخواردنەی لەلایەن حكومەتی بەغداوە لە دژی هەرێمی كوردستان كراوە، كە بودجەو مووچەی خەڵكی هەرێمی كوردستانیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ بڕی و مووچەی پێشمەرگەیان نەناردووە، كەچی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵكی هەرێمی كوردستان و گەشەكردن و ئاوەدانكردنەوەی شارو شارۆچكەكانی هەرێم بەراورد بە شارەكانی عێراق زۆر باشتر و بەرزترو پێشكەوتووتر بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە كە خۆپیشاندەرانی شیعە دەڵێن بۆچی حكومەتی هەرێمی كوردستان توانیویەتی ئەو سەركەوتنە بەدەست بێنێت لەبوارە جیا جیاكان بەتایبەتی لە رووی ئەمنی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان، كەچی بە هۆی گەندەڵییەوە لە شارەكانی عێراق نە خزمەتگوزاری و نە سەقامگیری نییە.

> **خۆپیشاندەرانی شیعە دەڵێن بۆچی حكومەتی هەرێمی كوردستان توانیویەتی ئەو سەركەوتنە بەدەست بێنێت لەبوارە جیا جیاكان بەتایبەتی لە رووی ئەمنی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان، كەچی بە هۆی گەندەڵییەوە لە شارەكانی عێراق نە خزمەتگوزاری و نە سەقامگیری نییە**

*** باس لەوە دەكرێت كە جگە لە گەندەڵی هۆكاری سیاسیش بوونەتە پاڵنەری خۆپیشاندەرەكانی عێراق، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ناوچەكانی سوننە پێش داعش و پاش داگیركردنی شارو ناوچەكانیان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە لە موسڵ و رومادی و سەلاحەدین و عەرەبەكانی سنووری پارێزگای كەركووك هاتنە سەر شەقام و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەڵام لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بە توندوتیژی و بە بەكارهێنانی هێز و دەمارگیری خۆپیشاندانەكانیان دامركاندەوە، سەرەڕای ئەوەش خۆپیشاندەران تۆمەتی داعش و كۆنە بەعسییان خرایەپاڵ، ئێستاش ئەو ناوچانەی سوننەنشین كە لەدەست داعش رزگار كراون، خەڵكەكەی دەیانەوێت بێنە سەرشەقام و هاوشانی شیعەكان خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بەڵام ترسیان لەوەیە كە دووبارە بە توندوتیژی هێرشیان بكرێتەوە سەر و بە داعش و كۆنە بەعسی تۆمەتباریان بكەن، هەر بۆیە هاووڵاتیانی ناوچەكانی سوننەنشین ناتوانن بە ئاشكرا نارەزایی و خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بەڵام لە سۆشیال میدیا و فیسبوك و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە پاڵپشتیی خۆپیشاندەرانی شیعە دەكەن و ١٠٠٪ دەنگیان دەخەنە پاڵ خۆپیشاندەران و ئەوانیش لە بەرپرسانی گەندەڵ و نەبوون و كەمیی خزمەتگوزارییەكان لە شارو

> **ئەو ناوچانەی سوننەنشین كە لەدەست داعش رزگار كراون، خەڵكەكەی دەیانەوێت بێنە سەرشەقام و هاوشانی شیعەكان خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بەڵام ترسیان لەوەیە كە دووبارە بە توندوتیژی هێرشیان بكرێتەوە سەر و بە داعش و كۆنە بەعسی تۆمەتباریان بكەن**

> **سوننەكان لە سۆشیال میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ١٠٠٪ دەنگیان دەخەنە پاڵ خۆپیشاندەران و ئەوانیش لە بەرپرسانی گەندەڵ و نەبوون و كەمیی خزمەتگوزارییەكان لە شارو ناوچەكانیان بێزار بوون**

ناوچەکانیان بێزاربوون، بێگومان خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستاکەش دوو لایەنی سیاسی لە پشتیانن و ئیستیغلالی خۆپیشاندەرانیان کردووە، بۆ ئەوەی زۆرترین دەستکەوتی سیاسی بۆ خۆیان بەدەست بێنن لە ئایندەدا و ئەو لایەنانە زۆر بە روونی دەرکەوتن، کاتێك کە پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکان هاتە ناو هۆڵی پەرلەمان، دیتمان چۆن پێداگرییان لەسەر تێپەڕاندنی یاساکە دەکرد، ئەو دوو لایەنەش سائیرون و هێزی یەکگرتووی عراقییەن، لەلایەکی دیکەوە ئەمڕۆ کێشەی سەرەکیی عێراق دەوڵەتی و ئەقلیمییە و ئەمریکا و ئێران دوو لایەنی سەرەکین لە کێشەو ململانێکانی ناو عێراقدا و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش لەم ململانێیەدا کە بە ئاشکرا دەرناکەون، دابەش بوونەتە سەر ئێران و ئەمریکا و هەندێ لە دەوڵەتانی کەنداو، ئەمەش کاریگەری لەسەر شەقام و بڕیاری سیاسی لە عێراق دروست کردووە، هەر بۆیە ئەگەر لایەنەکانی دەسەڵاتی سیاسیی عێراق و مەرجەعییەت و خۆپیشاندەران نەگەنە تەوافوق ناتوانن لەسەر کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران ڕێکبکەون.

*** ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین سەرجەم داواکارییەکانی مەرجەعییەت جێبەجێکران، دەوترێت کە ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی هیچ بایەخێك بۆ دەستووری عێراق نەمێنێتەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی لەسەر دراوە، تا ئەمڕۆکە زیاتر لە ٥٠ ماددەو بڕگەی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی عێراق (بەتایبەتی شیعەکان) جێبەجێ نەکراوە. هەر بۆ نموونە ماددەی ١٤٠، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە زۆر گرنگە کاری بۆ بکرێت، ئەوەیە کە عێراق تووشی شەڕی ناوخۆ نەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە بە تەواوی ماددەو بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق و پابەند بین. هاوکات دەبێت کار بکرێت بۆ داواکاری و مافی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە ئێستا لە شەقامن، بەشێك لە هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەندێك لایەنی سیاسی بەشێك لە ماددەکانی دەستووری پێشێل دەکەن و بۆ بەرژەوەندیی لایەنی سیاسیی خۆیان جێبەجێی ناکەن، ئەوەش جێی مەترسییە، لە هەقیقەدا کێشەی گەورە ئەوەیە یاسا و دەستوور لەکار بخرێت و چاوەڕێی ڕۆژی جومعە بین کە مەرجەعییەت تەنیا بۆ لایەنی شیعە وتار و بڕیار دەدات، ئەمەش لەسەر یاسا و دەستووری هەمیشەیی عێراق جێی مەترسی دەبێت.

*** هەندێ جار باس لەوە دەکرێت کە سیستمی سیاسی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی بگۆڕێت، ئەگەر ئەمە ڕووبدات ئایا لایەنە کوردستانییەکان چ ئامادەکارییەکان کردووە بۆ ئەم ئەگەرە؟**

- ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و وەك کورد بە سیستەمی زۆرینە و کەمینە لەبەغدا شوێنمان نامێنێت، پێویستە بۆ کوردو سوننەش لە عێراقدا حوکمێکی تەوافوقی هەبێت، چونکە ئەگەر دوور لە تەوافوق حوکم بگۆڕدرێت، نەك تەنیا کورد، بەڵکو سوننە و تورکمانیش هەڵوێست وەردەگرن و پێکەوە بەو سیستەمە رازی نابین. پارتی و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ هاتنە کایەی سیستەمی حوکمی سەرۆکایەتی، یان هەر سیستەمێکی دیکەی حوکمڕانی لە عێراقدا ئامادەکاری و بڕیاری خۆی هەیە و بەرنامە دانراوە بۆ هەر گۆڕانکارییەك لە عێراقدا بکرێت.

*** ئایا پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکان ناکۆکی لەسەر نەبوو و چۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران تێپەڕی؟**

- وەك پارتی لە تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کێشەمان نییە، ئەگەرچی لەیەکەم رۆژدا کە ئەو پرۆژە یاسایە لە حکومەتەوە ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران کرا وەك پارتی پێشنیارمان ئەوە بوو کە هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراقدا یەك بازنەیی بێت، ئەگەرنا با لەسەر ئاستی پارێزگا بێت و لەکاتێکدا کە لەسەر ئاستی قەزاکانیش بێت ئەوە وەك پارتی کێشەمان نییە، بەڵام ئەوەی زۆر پێویست و گرنگە لە بەغداو لە هەرێمی کوردستانیش پاراستنی یەکڕیزیی ناوماڵی کوردو کوردستانە، وەك کورد بەگشتی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان بەتایبەتی لەسەر ماددەی ١٥ لە پەرلەمانی عێراق بایکۆتمان کرد، چونکە بەو شێوازەی ئەم یاسایە تێپەڕێندرا زیاتر خزمەتی لایەنی سیاسیی دیاریکراو دەکات و لایەنە سیاسییەکانی دیکە و کیانە بچووکەکان زیان دەکەن.

**دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی لەسەر دراوە، تا ئەمڕۆکە زیاتر لە ٥٠ ماددەو بڕگەی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی عێراق (بەتایبەتی شیعەکان) جێبەجێ نەکراوە**

**کێشەی گەورە ئەوەیە یاسا و دەستوور لەکار بخرێت و چاوەڕێی ڕۆژی جومعە بین کە مەرجەعییەت تەنیا بۆ لایەنی شیعە وتار و بڕیار دەدات، ئەمەش لەسەر یاسا و دەستووری هەمیشەیی عێراق جێی مەترسی دەبێت**

**سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ هاتنە کایەی سیستەمی حوکمی سەرۆکایەتی، یان هەر سیستەمێکی دیکەی حوکمڕانی لە عێراقدا ئامادەکاری و بڕیاری خۆی هەیە و بەرنامە دانراوە بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە عێراقدا بکرێت**




مایکڵ هەننا توێژەری باڵایە لە سەنتەری ریس، کە ئەم سەنتەرە بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە یاسا و ئاسایش دەدات و سەر بە سکوڵی یاسای زانکۆی نیویۆرکە. لە هەمان کاتدا توێژەری باڵایە لە سەنتەری (Century Foundation) و لە توێژینەوەکانیدا گرنگی بە چەند پرسێکی دیاریکراو دەدات، وەك دیموکراسی و حکومەتی کارا و بازاڕی ئازاد، بە هەمان شێوە لە بوارەکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پرسی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توێژینەوە ئەنجام دەدات. بە چەشنێك لە رۆژنامە بەناوبانگەکانی وەك نیۆیۆرك تایمز، واشنتۆن پۆست و لۆس ئەنجەلوس تایمز و فایناشڵ تایمز چەندین وتاری بڵاوکردۆتەوە. هەروەها ئەندامی ئەنستیتویتی نێودەوڵەتییە بۆ دیراساتی ستراتیژی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی پەیوەندییەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە هەندێ لە سەرکردە و رژێمە خۆسەپێنەکانی ئەم ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمریکا چۆن بتوانێت دووبارە پەیوەندییەکی بنیاتنەر و بەرهەمدار لەگەڵ ئەم ناوچایەدا دابڕێژێتەوە.

مایکڵ هەننا

تایبەتمەندی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەمریکا بە شێوەیەکی ریشەیی ڕێچکەی خۆی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بارودۆخی ئێستای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتییەوە کە گەلانی ئەم ناوچەیە دژی سیستمی حوکمڕانیی وڵاتەکانیان بەرپای دەکەن؟**

- ئەوەی ئێمە دەتوانین لە بارەیەوە بیڵێین، ئەوەیە کە زۆرێك لە خۆپیشاندانەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت بە ئاراستە و ئاقارێکی باشدا بڕۆن و دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە و ببێتەهۆی ڕازیکردنی خۆپیشاندەران، هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەندێ لە سیستەمە سیاسییەکانی ئەمڕۆ، نایەوێت هیچ جۆرە سازشێك ئەنجام بدەن، هەروەها نایانەوێت هیچ جۆرە چاکسازییەك ئەنجام بدەن، تەنانەت ئەگەر چاکسازیی ڕواڵەتی، یان نیوەچڵیش بێت، چونکە ئەم سیستمانە دەیانەوێت تەنیا پارێزگاری لە خۆیان بکەن و درێژە بە خۆیان بدەن و، هەموو هەوڵەکانیان لەوەدا چڕ بۆتەوە کە بەردەوامی بەم سیستمانە بدەن و کەڵکی خراپ لەم سیستم و دەسەڵاتانە وەربگرن، لەم پێناوەشدا پەنا بۆ سەرکوتکاری و توندوتیژی دەبەن، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم بزووتنەوە و خۆپیشاندانانە چاکسازیی سیاسیی خوازراویان لێ ناکەوێتەوە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کەمتر بایەخ بە مافی گەلانی ئەم ناوچەیە دەدات، یان ئەم پرسەی نەکردۆتە تەوەری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، بەڵکو لەبری ئەوە هەوڵی دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵات و سەرۆکە خۆسەپێنەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەدات، بەتایبەتی هەندێ جار ئاماژە بە پەیوەندییەکانی نێوان ترەمپ و سەرۆکی میسر**

**زۆرێک لە خۆپیشاندانەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت بە ئاراستە و ئاقارێکی باشدا بڕۆن و دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە و ببێتەهۆی ڕازیکردنی خۆپیشاندەران، هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەندێ لە سیستەمە سیاسییەکانی ئەمڕۆ، نایەوێت هیچ جۆرە سازشێک ئەنجام بدەن**

**لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ستایشی سەرۆکە خۆسەپێنەکانی کردووە و هەندێ جاریش سەرسامیی خۆی بەم جۆرە سەرکردانە دەربڕی**

**لەسەروەختی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپدا ئەو رۆژگارە و سەردەمە کۆتایی هات کە لەبارەی پێشێلکاریی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە رەخنە لە رژێمە خۆسەپێنەکان بگیرێت**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەستی کرد بە رەخنەگرتن لەو وڵات و هێزانەی بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، کەواتە لەم رووەوە جۆرێک لە گۆڕانکاری لە گوتاری سەرۆکدا رووی داوە**

**بەم نزیکانە گۆڕانکارییەکی دراماتیکی بە ئاراستەی ئیجابی لەم ناوچەیەدا روونادات و نایەتەئاراوە، چونکە کێشەکانی ئەم ناوچەیە ریشەی قووڵیان هەیە**

**(سیسی) دەکرێت، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە باس لە پەیوەندییەکانی نێوان میسر و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، ئەوا دەبێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما و میسردا پەیوەندییەکی پڕ لە گرژی بوو، تا گەیشتە ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنای بردە بەر هەڵپەساردنی کاتیی هاوکاری و یارمەتییەکانی بۆ میسر لە مانگی تەمووزی ٢٠١٣ و کاتێکیش ئەو پەیوەندییانە دەستیان پێ کردەوە، وەك پەیوەندییەکی خراپ مانەوە. ئەوە بوو کە میسر لە پاڵ وڵاتانی عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیل زۆر خۆشحاڵ بوو بە گۆڕانی ئیدارەی ئەمریکا و پشتیوانی خۆیان بۆ سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەربڕی. کەواتە ئەگەر بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە میسرەوە ئەوا پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ هەیە لە نێوان دۆناڵد ترەمپ و عەبدولفەتاح ئەل سیسیدا، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە سەرەڕای ئەم پەیوەندییانە لەسەر ئاستی هەردوو سەرۆك، ئەوا پەیوەندییە بنەڕەتی و بنچینەییەکەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و میسر گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و هەروەك خۆی ماوەتەوە، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین ئەم پەیوەندییانە تەواو لەرزۆکن.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی سەرۆکی هەردوو وڵات گەرموگوڕیی تێکەوتووە، بەڵام ئەمە رەنگدانەوەی نەبووە لەسەر پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، دەکرێت ئەمە زیاتر روون بکەنەوە؟**

- دەکرێت لەم روەوە ئاماژە بەوە بکەین کە حاڵی حازر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە شێوەیەکی ئاشکرا رەخنە لە میسر ناگرێت سەبارەت بە سەرکوتکردنی خەڵك و پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، واتە لەم رووەوە میسر لە ئێستادا ناچار نییە مامەڵە لەگەڵ ئیدانە و سەرزەنشتکردنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، بەڵام لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکان و ئەوەی پەیوەست بێت بە بوونی بەرژەوەندیی جیاوازەوە، ئەوا هەروەك خۆیان ماونەتەوە، پێم وایە ئەگەر ئیدارەیەکی نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢١ دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا ئەم جیاوازییانە زەقتر دەبنەوە.

*** بەڵام ئەگەر خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەوڵبدات پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سەرکردە خۆسەپێنەکانی ئەم ناوچەیە دروست بکات، بە بێ ئەوەی ئەمە پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوانیان بگۆڕێت، ئایا هەم لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە و هەم لەسەر خودی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمە چ دەرئەنجام و ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ستایشی سەرۆکە خۆسەپێنەکانی کردووە و هەندێ جاریش سەرسامیی خۆی بەم جۆرە سەرکردانە دەربڕیوە و بگرە زۆر ئاسوودەش بووە بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەم سەرکردانەدا، دواتر ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە، ئەوا هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە جۆرێك پەیوەندیی لەگەڵ رژێم و سیستمە خۆسەپێنەکان بووە، بە چەشنێك کارێکی گەمژانەیە ئەگەر ئێمە بڵێین ئەمە کارێکی نوێ و پێشهات و پەرەسەندنێکی نوێیە و لەسەر دەستی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هاتۆتەئاراوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم پەیوەندییە بووە و درێژەشی هەبووە، بەڵام هەمیشە ئیدارە یەك لە دوای یەکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درکیان بە سرووشتی پڕ لە کێشە و گرفتی ئەم جۆرە پەیوەندییانە کردووە. واتە جۆرێك لە دوو روویی هەبووە لە ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا، بەڵام ئەوەی جیاوازە لە پەیوەندی بە ئیدارەی سەرۆك ترەمپەوە، ئەوەیە کە ئەم دووڕوویییە نییە، چونکە هەمیشە ترەمپ ستایش و سەرسامیی خۆی دەربڕیوە بەو سەرکردە خۆسەپێنانە. واتە لەسەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا ئەو رۆژگارە و سەردەمە کۆتایی هات کە لەبارەی پێشێلکاریی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە رەخنە لە رژێمە




خۆسەپێنەکان بگیرێت. بە پێچەوانەوە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەستی کرد بە رەخنەگرتن لەو وڵات و هێزانەی بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، کەواتە لەم رووەوە جۆرێك لە گۆڕانکاری لە گوتاری سەرۆکدا رووی داوە.

*** هەروەك ئاشکرایە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و قەیران و تەنگژەیە و لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستڕۆیشتووترین هێزە لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ئەمریکا رۆڵێکی بنیاتنەر و بەرهەمدار ببینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە جددی و مەترسیدارەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە بەم نزیکانە گۆڕانکارییەکی دراماتیکی بە ئاراستەی ئیجابی لەم ناوچەیەدا روونادات و نایەتەئاراوە، چونکە کێشەکانی ئەم ناوچەیە ریشەی قووڵیان هەیە و ئەم کێشانە بەهۆی دەستێوەردانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها بەهۆی رژێمە خۆسەپێنەکان و گرووپە یاخیبووەکانەوە ئاڵۆزتر بوون. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە چارەسەرێکی خێرا و ئاسان نییە بۆ ئەم کێشانە. لەم روانگەیەوە من پێم وایە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی ریشەیی و بنەڕەتی رێچکەی خۆی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بگۆڕێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئەمریکا کار و کۆشش و کاتی زیاتر تەرخان بکات بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکان و بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان، کە لەم رووەوە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندی، یان هەوڵی دیپلۆماسی بدات لەگەڵ دۆست و رکابەرکانیدا. کەواتە دەبێت هەڵسەنگاندنێکی گشتی بکاتەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، مەبەستم ئەوەیە دەبوو ئەمریکا زووتر پێداچوونەوەی بکردایەتەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێ وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و میسر و تورکیا.

**دەبێت ئەمریکا کار و کۆشش و کاتی زیاتر تەرخان بکات بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکان و بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان**

**دەبوو ئەمریکا زووتر پێداچوونەوەی بکردایەتەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێ وڵاتانی وەک عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و میسر و تورکیا**

ئەلینا مینۆکاڵ

تویژەری بواری گەندەڵی بۆ گوڵان:

# دیموکراسی بە تەنیا ناتوانێت چارەسەر بۆ گەندەڵی دەستەبەر بکات

ئەوەی لە ئێستادا مشتومڕ هەڵناگرێت ئەوەیە کە گەندەڵی بۆتە کێشەیەکی ئاڵۆز و مەترسیدار و زۆرێك لە کۆمەڵگەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، بۆ سنووردارکردن و بەرەنگاربوونەوەشی هەوڵ و کۆشش و ڕێگاچارەی جیاوازیان گرتۆتەبەر، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە دەبێت هەر کۆمەڵگەیەك ڕێگای تایبەت بە خۆی بگرێتەبەر، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و ڕەوشی کۆمەڵگەکە. هەرچۆنێك بێت گەندەڵی کاریگەریی زیانبەخش و کوشندەی هەیە و ناکرێت هەوڵی جددی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەدرێت. پرسی هۆکارە ریشەییەکان و دەرئەنجام و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گەندەڵی بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ (ئەلینا ڕۆشا مینۆکاڵ) کە توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی سەرکردایەتیی پەیوەست بە گەشەپێدانەوە لە زانکۆی بێرمینگهام، کە کار لەسەر هێنانەئارا، یان گەڵاڵەکردن و پێشنیارکردنی چارەسەری سیاسی دەکەن. ئەلینا مینۆکاڵ تایبەتمەند و شارەزای چەند بوارێکی گرنگە کە گرێدراوی بوارەکانی پەیوەست بەو دژوارییانەن کە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی بە دیموکراتیکردن دەبنەوە، لەگەڵ پرسەکانی پەیوەندیدار بە سرووشتی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا چەندین توێژینەوەی لە بارەی گەندەڵی و هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم دیاردەیەوە ئەنجام داوە.

# دیمانەی تایبەت



*** ئێوە لە توێژینەوەکانتاندا ئاماژە بە پرسی بە دیموکراتیکردن و بە نامەرکەزیکردن دەدەن و پەیوەندیی ئەم دوو لایەنە بە گەندەڵییەوە تاوتوێ دەکەن، دەکرێت روونکردنەوەی زیاتر لەم رووەوە بخەنەڕوو؟**

- ئەوەی ئێمە لە توێژینەوەکانماندا سەرنجمان داوە، ئەوەیە کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بە دواوە و لە جیهانی تازە گەشەکردوودا دوو تەوژم لە ئارادا بوون، ئەوانیش (بە دیموکراتیکردن و بە نامەرکەزیکردن)، ئەم دوو تەوژمەش گوڕوتینێکی زۆریان هێنایەئاراوە، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئومێدی ئەوەیان دروست کرد کە حوکمڕانییەکی باش لەو وڵاتانەدا بنیات بنرێت. لە رووی تیۆرییەوە و لە هەناوی خۆیدا ئەم چەشنە بە «نامەرکەزیکردنە دیموکراتییە» چەند ئەگەرێکی مژدەبەخشی هەڵگرتووە، لەوانە:

١. لە رووی مەبدەئییەوە ئامانجی بەنامەرکەزیکردن بریتییە لە نزیککردنەوەی زیاتری حکومەت و ئەو لایەنانەی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵك دەستەبەر دەکەن.

٢. ئەگەر ئەو خاڵەی پێشوو بەدی بێت، ئەوا هاوکار دەبێت لە بەرەودان بە دیموکراسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و زیادبوونی دەنگ و بەشداربوونی هاووڵاتییان و بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی و کەمکردنەوەی گەندەڵی.

*** دەکرێت تیشکی زیاتر بخەنەسەر کاریگەریی ئەم دوو تەوژمە لەسەر نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی گەندەڵی؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لەسەر ئەم بنامایانەی لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکردن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە چاکسازی پەیوەست بە نامەرکەزیکردنی گرتۆتەبەر. هەرچۆنێك بێت پرۆسەی بە نامەرکەزیکردن پرۆسەیەکی پڕ پێچ و پەنایە. بە پێی ئەو توێژینەوانەی لەگەڵ چەند توێژەرێکی دیکەدا ئەنجاممان داوە لەبارەی

**دیموکراسی بە تەنیا ناتوانێت چارەسەر دەستەبەر بکات بۆ گەندەڵی، هەروەها بوونی حکومەتی مەحەلی (بە هەمان شێوەی حکومەتی دیموکراتی) بە شێوەیەکی راستەوخۆ نابێتە هۆی سنووردارکردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی**

**لە غیابی نەبوونی باروودۆخێکی لەبار و خوازراودا، بەرپرسە سیاسییەکان کەڵکی خراپ لە سیاسەتی بەنامەرکەزیکردنی دەسەڵات و پانتایی ئەم دەسەڵاتە بۆ بەرەودان بە گەندەڵی وەردەگرن**

**لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بە پرۆسەی دیموکراسیدا تێپەڕیون، یان گەندەڵی زیادی کردووە، یانیش زەقتر بۆتەوە**

**گەندەڵی کێشەیەکی مەترسیدارە و چارەسەرێکی ئاسانیش بۆ ئەم کێشەیە لە ئارادا نییە**

**پێویستە هەوڵەکانی دژ بە گەندەڵی هەوڵی کارا و کاریگەر بن، لەبەر ئەوەی ناتوانین مەسەلەکە تەنیا بە ڕەش و سپی ببینین، بەڵکو دەبێت گەندەڵی دەستنیشان بکەین و، هۆکار و دەرئەنجامەکانی بخەینەڕوو**

**ئەو کەسانەی پابەندن بە بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی گەندەڵییەوە، زیاتر و زیاتر هۆشیارن بەو ڕاستییە کە ئەم پرسە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتر هەیە**

پەیوەندیی نێوان گەندەڵی و بە نامەرکەزیکردنەوە، گەیشتووینەتە ئەم دەرئەنجامە: خۆی لە خۆیدا دیموکراسی بە تەنیا ناتوانێت چارەسەر دەستەبەر بکات بۆ گەندەڵی، هەروەها بوونی حکومەتی مەحەلی (بە هەمان شێوەی حکومەتی دیموکراتی) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی سنووردارکردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی، واتە بەڵگەیەکی بنبڕ و جێگیر نییە لەبارەی ئەوەی کە بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی. مەبەستم ئەوەیە لە غیابی نەبوونی باروودۆخێکی لەبار و خوازراودا، بەرپرسە سیاسییەکان کەڵکی خراپ لە سیاسەتی بەنامەرکەزیکردنی دەسەڵات و پانتایی ئەم دەسەڵاتە بۆ برەودان بە گەندەڵی وەردەگرن، لەبری ئەوەی بیکەنە مەودایەك بۆ بەرەوپێشبردنی حوکمڕانیی دیموکراتی.

*** ئایا دەکرێت بڵێین بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە لە پەیوەندی بە پرسی گەندەڵییەوە، بە واتایەکی دیکە ئایا مەترسیی ئەوە نییە کە بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات لەبری سنووردارکردن ببێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ گەندەڵی؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت پرسی بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات گرێ بدرێتەوە بە فۆرمێکی بە نامەرکەزیکراوی گەندەڵییەوە، هۆکارە سەرەکییەکەش ئەوەیە کە دامەزراوە دوو ڕەگەکان (ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت) و میکانیزمە لاوازەکانی بەرپرسیاریێتی لەسەر ئاستی مەحەلی باڵادەست بن، لە هەمان کاتدا پرسی ئەوەی چۆن و بۆچی پەنا دەبردرێتەبەر گرتنەبەری بەنامەرکەزیکردنی دەسەڵات، تا سەر ئێسقان پرسێکی سیاسییە.

*** ئەی چۆن دەکرێت بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات ڕێگاچارەیەکی کارا بێت و دەرئەنجامی خوازراوی لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی لێ بکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا کوالێتی و کارایی بەنامەرکەزیکردن بەندە بە کۆمەڵێك فاکتەر و پاڵنەرەوە کە دەبنە هۆی گەڵاڵەکردنی ڕێساکانی گەمەکە و سرووشتی چارەسەر و ڕێگاچارە سیاسییەکە، ئەگەر ئەم پرسە زیاتر ڕوون بکەینەوە، ئەوا ئەم پرسە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. سرووشت و کوالێتیی سەرکردایەتیی سیاسی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانی.

٢. پەیوەندیی نێوان لایەن و ئاستە جیاوازەکانی حکومەت.

٣. ئەو سەربەخۆییەی حکومەتە مەحەلییەکە هەیەتی و ئایا سەرچاوە و توانای پێویستیان لەبەردەستدایە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان.

٤. تا چەند چاکسازی لە بوارەکانی سیاسی، کارگێڕی و داراییدا یەکتر تەواو دەکەن.

٥. سرووشتی پارتە سیاسییەکان و پابەندبوونیان بە پرسی بەنامەرکەزیکردنی دەسەڵات و بەرفراوانکردنی بەشداریکردنی هاووڵاتییان لەسەر ئاستی مەحەلی.

٦. فشارەکانی پەیوەست بە زیادبوونی بەرپرسیاریێتی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانی و... هتد.

سەرجەم ئەم فاکتەرانە فاکتەری ئاڵۆزن و کاریگەریی جیاوازیان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانی هەیە.

*** ئاماژەتان بەوەکرد کە گرتنەبەری ڕێگای دیموکراسی بە تەنیا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی، بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە لە دەوڵەتە دیکتاتۆری و خۆسەپێنەکاندا دەرفەتی زیاتر بۆ گەندەڵی دروست دەبێت، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من دەڵێم نابێت ئێمە دیموکراسی بە چارەسەرێکی سیحری بزانین، ئێمە دەزانین لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا جیهانی تازە گەشەکردوو پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی ئەزموون کردووە، ئەم ئاڵوگۆڕانە ئومێدێکی زۆریان پەیوەست بە دیموکراسییەوە دروست کرد، بەوەی چاکسازی لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ باشتربوونی حوکمڕانی و کەمکردنەوەی گەندەڵی. چونکە تیۆرواننینە باوەکە ئەوەیە کە لە ڕووی مەبدەئییەوە هەڵبژاردنەکان، چاودێریکردنی دەسەڵات و بوونی کۆمەڵگەیەك کە بتوانێت ئازادانە خۆی ڕێك بخات، چەند میکانیزمێکی گرنگن، یان چەند پاڵنەرێکی گرنگن بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لە سیاسەتمەداران بکرێت لەبارەی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن



و ئەو بڕیارانەی دەیدەن. هەرچەندە لە رووی کردارییەوە، ئەو لایەنە باشانەی دیموکراسی بە شێوەیەکی خۆڕسك و سرووشتییانە نایەنەئاراوە. چونکە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بە پرۆسەی دیموکراسیدا تێپەڕیون، یان گەندەڵی زیادی کردووە، یانیش زەقتر بۆتەوە.

*** هەروەك ئاشکرایە گەندەڵی کێشە و پەتایەکی کوشندەیە و زۆرێك لە کۆمەڵگەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە ناتوانن بە ئاسانی ڕێگاچارەیەك بۆ کۆنترۆڵکردن، یان کەمکردنەوەی بگرنەبەر، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستە ڕێگاچارەیەکی واقیعبینانە بگیرێتەبەر، دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە گەندەڵی کێشەیەکی مەترسیدارە و چارەسەرێکی ئاسانیش بۆ ئەم کێشەیە لە ئارادا نییە، ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دایڕشتووە) گرنگیی دامەزراوەکانی لەبەرچاو گرتووە بۆ باشترکردنی توانای دەوڵەت و کۆمەڵگەکان، بەڵام ئەمانە ئامانجی بەرزەفڕانەن. هەرچۆنێك بێت، پێویستە هەوڵەکانی دژ بە گەندەڵی هەوڵی کارا و کاریگەر بن، لەبەر ئەوەی ناتوانین مەسەلەکە تەنیا بە رەش و سپی ببینین، بەڵکو دەبێت گەندەڵی دەستنیشان بکەین و، هۆکار و دەرئەنجامەکانی بخەینەڕوو و تیشك بخەینەسەر تەواوی ئاڵۆزییەکانی. ڕێگاچارە چەقبەستووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نەیانتوانیوە لەو راستییە تێبگەن کە ئەم گۆڕانکارییە چەند پشێوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئێمە دەزانین لەبەرچاونەگرتنی هۆکارە ریشەییەکانی دەبنە هۆی خراپتربوونی دۆخەکە، نەك باشترکردنی. کەواتە ئەوەی گومان هەڵناگرێت لەم رووەوە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی پابەندن بە بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی گەندەڵییەوە، زیاتر و زیاتر هۆشیارن بەو راستییە کە ئەم پرسە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتر هەیە بۆ بارودۆخەکە (هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی) و ئەو هۆکارانەش کە دەبنەهۆی هێنانەئارا و سەرهەڵدانی گەندەڵی. بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پرۆسە سیاسییەکە و ئەو هەلومەرجەی کاراکتەرە جیاوازەکان کاری تێدا دەکەن.

*** ئەی دەربارەی کاریگەرییە خراپەکانی گەندەڵی و بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە دامەزراوەکانیان لاواز و لەرزۆکن، راتان چییە؟**

- ئێمە دەزانین کە کاریگەرییە خراپەکانی گەندەڵی رەنگدانەوەیان لەسەر پرسی شەرعییەت هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە گەندەڵی لەم جۆرە وڵاتانەدا دەبێتە هۆی قووڵکردنەوە و ئاڵۆزترکردنی ناکۆکییەکان، لە هەمان کاتدا، بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە زۆرجار بۆی هەیە دەستگەیشتن بە گەندەڵی کاریگەربێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کە ببێتەهۆی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی توندوتیژی.

**بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە زۆرجار بۆی هەیە دەستگەیشتن بە گەندەڵی کاریگەربێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کە ببێتەهۆی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی توندوتیژی**

**لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا جیهانی تازە گەشەکردوو پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی ئەزموون کردووە، ئەم ئاڵوگۆڕانە ئومێدێکی زۆریان پەیوەست بە دیموکراسییەوە دروست کرد، بەوەی چاکسازی لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ باشتربوونی حوکمڕانی و کەمکردنەوەی گەندەڵی**

# با لە وانەکانی ژیانەوە فێر بین

ڕووداوەکانی ژیان هەرچەند ئاسایی بن، بەڵام لەنێو دێڕەکانیدا پەند و ئامۆژگاری و ئەزموونی زۆر لەخۆ دەگرن، گێڕانەوەشیان لەوانەیە سوودمەند بێت بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت سوودیان لێ وەربگرێت.

دەمەوێت لە خوارەوە ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەم، کە دەکرێت لە قۆناغی ئەمڕۆی ژیانی گەلەکەماندا سوودبەخش بن، لەوانە:

**یەکەم:**

لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ وەك وەزیری ژینگەی ئەوسای عێراق، لەسەر داوای خاتوو (یۆریکۆ کۆیکە)ی وەزیری ژینگەی ژاپۆن هاوڕێ لەگەڵ وەزیرانی ژینگەی وڵاتە عەرەبییەکان ئامادەی کۆبوونەوەیەکی فراوان بووم، لەو دیدار و کۆبوونەوانەی کە بۆم ڕێکخران لەگەڵ هەر یەك لە بەڕێزان:

جۆنشیرۆ کۆیزۆمی سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن.

خاتو یۆریکۆ کۆیکە وەزیری ژینگەی ژاپۆن.

خاتوو یۆریکۆ کاواگۆچی وەزیری دەرەوەی ژاپۆن.

سوچی کاتۆ بریکاری وەزیری ژینگەی ژاپۆن.

ساتۆشی تاناکا بەڕێوەبەری نووسینگەی هاوکاریی ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.

ئیشینۆ کۆیا بەڕێوەبەری نووسینگەی نێودەوڵەتیی ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.

موخلیس عەلی ڕەجەب: کارمەند لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ژاپۆن.

ئەم بەڕێزانە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەزموونی ژاپۆن ئەم سیفاتانەی هەیە:

یەك:

١- بۆ پێشکەوتن ڕێگەیەکی دیکەیان هەیە جیا لە ڕێگەی ڕۆژئاوا، ئەویش ڕێگەی سێیەمە کە ڕێگەی پێکەوە گرێدانی (کەلتووری ڕەسەن) و (ئەزموونە نوێیەکانی جیهان)ـە.

٢- گرنگیدان بە پاراستنی زمان و ڕێنووسی نەتەوەیی خۆیان کە زیاتر لە (٣٠٠٠) پیت و وێنە و ڕەمز و هێمان.

٣- پاراستنی توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و پێویستیی ئەوەی کە تاك و کۆمەڵگە لە خزمەتی یەکتردا بن.

٤- پێکەوە گرێدانی هەر سێ چەمکی کارکردنی ئافرەت و بەختەوەریی خێزان و بایەخدان بە منداڵ.

٥- پێناسەکردنی ئایین بە دوو چەمکی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە ڕەوشتێکی کرداری لە ژیانی ڕۆژانە و ڕاستگۆیی لە گوفتار و ڕەفتاردا.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

**دووەم:**

لە سەردەمی (پۆڵ بریمەر)ی حاکمی مەدەنیی ئەوسای عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤دا، بۆ هەر وەزارەتێك یەك تا دوو راوێژکار لە هاوپەیمانان دانرابوون.

بۆ وەزارەتەکەی من (وەزارەتی ژینگە) هەریەکە لە کۆڵۆنێل (ئەلن ئایریش و تیمۆسی کرۆزێل) دانرابوون، لە یەکێك لە رۆژانی ئەو ساڵەدا پرسیارێکم لە کۆڵۆنێل (ئەلن ئایریش) راوێژکاری هاوپەیمانان کرد و پرسیم کە ئایا ئەوان وەك ئەفسەران و سەربازانی سوپای ئەمریکا، لە دوای هەڵبژاردنەکاندا دەزانن هاوڕێکانیان دەنگیان بە حزبی دیموکرات داوە، یان بە کۆمارییەکان؟

لەوەڵامدا ئەو گوتی: «ئێمە ئێستا سوپایەکی (١٤٠) هەزار کەسیین لە عێراقدا، ئەگەر مەیلی حزبیی یەکدی و جۆری دەنگدانمان لای یەکدی ئاشکرا بێت، ئەوسا نابینە سوپایەکی یەکگرتوو، بۆیە هیچمان ئەو پرسیارە لە یەکدی ناکەین لە پێناوی ئەوەی شەڕی سیاسەت، یەکڕیزیی سوپا تێك نەدات.

**سێیەم:**

لە کتێبی (النكات السياسية) کە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە و کتێبێکی تەنزئامێزی پڕ لە نوکتەی سیاسییە، ئەم نوکتەیەی خوارەوە زۆر سەرنجی راکێشام: پیاوێك لە پارکێکی نیویۆرکدا پیاسەی دەکرد، کاتێك بینی سەگێکی هار پەلاماری کچێکی دا، پاش هەوڵێکی زۆر پیاوەکە سەگەکەی کوشت و کچەکەی رزگار کرد، پۆلیسێك کە ئەم دیمەنەی بینی بە پیاوەکەی گوت: خۆشی لە خۆت سبەی رۆژنامەکانی نیویۆرك دەنووسن، پیاوێکی ئازای نیویۆرك کچێکی لە مردن رزگار کرد».

پیاوەکە گوتی: بەڵام من دانیشتووی نیویۆرك نیم.

پۆلیسەکە گوتی: گرنگ نییە، دەنووسن پیاوێکی ئەمریکی کچێکی لە مردن رزگارکرد.

پیاوەکە گوتی: بەڵام من خەڵکی ئەمریکاش نیم.

پۆلیسەکە گوتی: ئەی خەڵکی کوێی؟

پیاوەکە گوتی: من خەڵکی پاکستانم.

پۆلیسەکە گوتی: بەداخەوە، سبەی رۆژنامەکانی نیویۆرك دەنووسن: توندڕەوێکی پاکستانی سەگێکی بێ زیانی ئەمریکای کوشت.

ئەم نوکتەیە ئەوەی لێ فێر دەبین کە هەمیشە مێژوو لەلایەن نەتەوە و گەلانی سەردەستەوە دەنووسرێتەوە، هەر گەلێکیش ئەگەر مێژووی خۆی بە دەستی خۆی نەنووسێتەوە، ئەوسا مێژووەکەی تووشی شێواندن دەبێت.



دلێر عەبدوڵڵا حەسەن

بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندیی هەولێر بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەت گرنگییەکی تەواوی بە بوار و پرۆسەی پەروەردە داوە

**پلان هەیە لە چوار ساڵی داهاتوو ژمارەیەک بینایەی قوتابخانە لە سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێن**

**پەروەردە و بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی خوێندن یەکێك لە جومگە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە و هەر کابینەیەکی نوێی حوکمڕانییش هەوڵ دەدات، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بەسوود لە سیستەمی پەروەردەدا بکات، بۆ ئەوەی قوتابییان باشتر پلەکانی زانست ببڕن و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بێتەدی، هەر سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە و چەندین پرسی دیکەی پەروەردەیی ئەم دیدارەمان لەگەڵ دلێر عەبدوڵڵا حەسەن بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندیی هەولێر ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** هاوکات لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جۆرێك لە گۆڕانکاری لە بەڕێوەچوونی کارەکانی وەزارەتی پەروەردەش رووی داوە، ئایا تاچەند ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری لە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و سیستمی خوێندن لە قوتابخانەکان هەبووە؟**

- هەر کابینەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەست بە کار بووە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری کردووە و کەسانی شارەزا و پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکان هێناوەتەپێش و بەپێی پێویست دایمەزراندوون، وەزارەتی پەروەردەش یەکێك لەو وەزارەتانەیە کە گرنگییەکی تایبەتی لەلای حکومەتی کوردستان هەیە، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی کابینەی نۆیەم گرنگییەکی تەواوی بە بوار و پرۆسەی پەروەردە داوە و لە کارنامەکەشدا بە روونی ئەوە دەستنیشان کراوە کە تەواوی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن دابین بکرێت، ئەمەش گروتینێکی زۆری بە پرۆسەی پەروەردە داوە، بەڵام پرۆسەی پەروەردە فراوان و گشتگیرە، بۆیە بە کەسێك و دووان و دەیان و هەروەها بە رۆژێك و دووان و بە پارەیەکی دیاریکراو جێبەجێ ناکرێت، بەڵام پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن زۆر گرنگە و لە هەرێمی کوردستانیش هەنگاوی باشی بۆ نراوە و لەم کابینەیەشدا بڕیارە بۆ ئەو پلانە گەورانەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو دانراون، بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت، هیوادارین بتوانین گڕوتینێکی باشترو زۆرتر بە پرۆسەی پەروەردە بدەین و پێداویستی و ژێرخانەکەی بۆ گەشەکردن و پێشخستنی دابین بکرێت، هەر بۆیە لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری و بەرنامەی نوێ خراوەتەڕوو، بەتایبەتی لە رووی سیستەمی ئەلیکترۆنی کە وەزارەتی پەروەردە خەریکە زیاتر لە چوار هەزار قوتابخانە بە یەکترەوە ببەستێتەوە، ئەمەش وادەکات ئاسانکاری لە پرۆسەی پەروەردە بێتەدی بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردنی کارەکان و گەیاندنی زانیاریی نوێ و بە یەکەوە بەستنەوەی هەموو جەمسەرەکانی وەزارەتی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندن، هەروەها هەنگاوێکی دیکە نراوە، بۆ خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان، کە سەرجەم فۆرمی تاقیکردنەوەکانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی و (٩)ی بنەڕەتی خراوەتە سەر سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی قوتابی لە رێگای (ئۆن لاین)ـەوە بتوانێت وەڵامەکانی خۆی ببینێت و لەگەڵ وەڵامە راستەکان بەراوردی بکات، هاوکات بابەتێکی دیکەی زۆر گرنگ بۆ قوتابییان دەستەبەر کراوە، ئەویش بەرنامەی (هەورە فێرگە)یە کە قوتابی لە رێگای ئینتەرنێت و لە دەزگاکانی گواستنەوە دەتوانێت تەواوی وانەکانی خوێندن وەربگرێت، کە زیرەکترین مامۆستاکان بۆ وتنەوی وانەکان

**بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی کابینەی نۆیەم گرنگییەکی تەواوی بە بوار و پرۆسەی پەروەردە داوە و لە کارنامەکەشدا بە روونی ئەوە دەستنیشان کراوە کە تەواوی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن دابین بکرێت**

**وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی سیستمی ئەلیکترۆنییەوە زیاتر لە (٤٠٠٠) قوتابخانە بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە**

**سەرجەم فۆرمی تاقیکردنەوەکانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی و (٩)ی بنەڕەتی خراوەتە سەر سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی قوتابی لە ڕێگای (ئۆن لاین)ەوە بتوانێت وەڵامەکانی خۆی ببینێت و لەگەڵ وەڵامە ڕاستەکان بەراوردی بکات**

تێیدا بەشدارن، بەوەش قوتابی زۆر سوودمەند دەبێت و بارسووکییەکی زۆریشی بۆ دێتەدی، چونکە جێگای وانەی تایبەتی دەگرێتەوە، کە رەنگە زۆر قوتابی توانای دابینکردنی تێچووی ئەو جۆرە وانەیەی نەبێت، هەروەها لە هەوڵی ئەوەداین سەرجەم بەرنامە و پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە جێبەجێ بکەین، تاوەکو هەنگاوی باشترو زیاتر بگرینەبەر کە لە ئاستی تمووحی هەموو لایەك بێت.

*** لەساڵانی پێشتر زۆر باس لە گۆڕینی سیستمی خوێندن دەکرا، بۆ نموونە هەوڵدرا سیستمی خوێندنی سویدی لە کوردستان پیادە بکرێت، ئایا لاساییکردنەوەی یەك سیستمی خوێندن بەسە، یان ڕێکاری دیکەش هەن؟**

- ڕاستە لە ساڵانی ڕابردوو باس لەوە کراوە کە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی کۆپێکراوی وڵاتێکی دیاریکراوە، بەڵام ئەوەی هەیە و لەبەردەستە سیستەمێکە کە سوود لە هەموو سیستەمەکانی پەروەردەی وڵاتان وەرگیراوە، لەوانەیە بەشێکی لە سیستەمی پەروەردەی سویدی بێت، کە ئەمەش لە ڕێگای هەندێك کادیرانی پەروەردەی دەرەوەی وڵات بووە کە توانیویانە زانیاریی باش و زانستی بە وەزارەتی پەروەردە بگەیەنن، لە هەندێك بابەتیش سوودیان لێوەرگیراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە سیستەمی پەروەردەی هەرێم بە تەواوی کۆپیی سیستەمی پەروەردەی وڵاتێکی دیکە بێت. هەروەها بۆ بەرەوپێشەوەچوونی زانیاری و زانستی هاوچەرخ لە پرۆسەی پەروەردە پێویست بەوە دەکات کۆنگرە و سیمینار ساز بکرێت، لەمبارەشەوە لەماوەی ڕابردوو توانیمان دوو کۆنگرە ببەستین و لە ڕێگای هەردوو کۆنگرەوە توانراوە هەندێك بابەت و زانیاری و شێوازی فێرکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی نوێ بخەینە ناو کارو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لەلای ئێمەش پەروەردە، پێش فێرکردن گرنگە و کاری لەسەر دەکرێت و لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەکان جەختی لەسەر دەکەینەوە، بەوەش نەوەیەکی باش و ڕەوشتبەرز و نیشتمانپەروەرمان بۆ دێتەدی. هەر لەمبارەوە لەکابینەی ڕابردوو لەلایەن دکتۆر پشتیوان سادق هەوڵێك دەستی پێ کرا لە رووی بنیادنان و داڕشتنی پرۆگرامێك بۆ هۆشارکردنەوە و ڕێگانیشاندانی قوتابیان کە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە لە دوو توێی پەرتووکێك بەناوی (کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) بۆتە وانە و پرۆگرامێك کە ئێستا لە قۆناغی یەك تا نۆی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێت، کە بابەتەکان نیشتمانی و ژینگەیی و چۆنیەتی مامەڵە و هەڵسوکەوتی قوتابی لەگەڵ مامۆستا و کۆمەڵگە و دەوروبەری لەخۆ گرتووە. هاوکات هەنگاو و پلانی باشتر و زیاتریش لەلایەن وەزارەتەوە بۆ زیاتر گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان لە بەرنامەدایە کە ئەو کارو بەرنامەو پلانانەش تەنیا بە بەستنی کۆنگرە ناکرێت و نایەتەدی، بەڵکو دەبێت بەردەوام کارو هەوڵی جددی هەبێت، بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، ئەمەش پێویستی بە بودجە و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ هەیە، بێگومان ئەگەر سیستەم و قۆناغەکانی پرۆسەی پەروەردە پێداویستی تەواوی بۆ فەراهەم نەکرێت، ئەوا زۆر بابەت هەیە کە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

*** ئەوەی باسی لێوە دەکرێت لە رووی کوالێتیی خوێندنەوە، جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەنێوان قوتابخانە حکوومی و ئەهلییەکان هەیە، بەتایبەتی کە قوتابخانە ئەهلییەکان کاتەکانی خوێندنیان دوو هێندەی خوێندنی قوتابخانەی حکوومییە، هەروەها ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا لە قوتابخانەی حکوومی زۆر زیاترە لە ژمارەی قوتابیانی قۆبابخانە ئەهلییەکان، ئێوە چۆن لەو جیاوازییانە دەڕوانن؟**

- لە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە هەردوو کەرتی خوێندنی حکوومی و ناحکوومی دەدەین و هەر یەکەو بە شێوازی خۆی، ئێمە لە پەروەردەی ناوەندیی هەولێر هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە کە ئاستی خوێندن لە قوتابخانە حکوومیەکان کە قوتابی ئارەزوومەندانە تێیدا دەخوێنن، بە ئەندازەی پێویست بەرز بکەینەوە، هەر بۆیە بۆ هەموو هەنگاو و پێداویستیەکان لەهەموو دەرگایەك دەدەین تاوەکو بتوانین

کوالێتی خوێندن بەرز بکەینەوە، لەبەرامبەریشدا ئەو قوتابخانە ناحکوومییانەی هەن، جگە لەوەی ڕێگریان نین، بەپێچەوانەوە پاڵپشتی و هاوکاری و هەماهەنگی جددی و تەواویان دەکەین، بەڵام بە مەرجێك کوالێتی خوێندنیان بەرز بێت و سوود بە قوتابی و پرۆسەی پەروەردە بگەیەنن و ئیستیغلالی خەڵك نەکەن بۆ بەرژەوەندیی ماددی و مامۆستای پرۆفیشناڵ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ و پەروەردەیی تێیدا کار بکەن. قوتابخانە و خوێندنی ناحکوومی مانای ئەوە نییە کە ئاستی ئەوان زۆر باڵایە و قوتابخانە حکوومییەکان لە ئاستی لاوازن، بەپێچەوانەوە ئێستا ئاستی قوتابخانە حکوومییەکان بەگشتی لە رووی کوالێتیی خوێندن و لە رووی مامۆستا و پرۆگرام و پابەندبوون بە دەوام و بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە زۆر سەرکەوتووتر و باشترن لە قوتابخانە ناحکوومییەکان، ئەگەر بەراوردی نێوانیشیان بکەین لە ئاستی خوێندن، دەبینین ساڵانە ژمارە و ڕێژەی قوتابیانی یەکەم و پلەبەرزەکان لە قوناغی نۆی بنەڕەتی و ١٢ی ئامادەیی زیاتر لە قوتابخانە حکوومییەکان بووە و زیاتریش منداڵە هەژار و کەمدەرامەتەکان بوون، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك هۆکار هەیە لەوانە ڕێژەو کەمیی ژمارەی قوتابیان و وەرگرتنی پارەیەکی زەبەلاح لە قوتابیان لە بری خوێندن، بەڵام لە هەندێ لایەنەوە بە تایبەتی لە رووی بینایە و پێداویستییەکان قوتابخانە ناحکوومییەکان لەپێش قوتابخانە حکوومییەکانەوەن، لەدەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بەتایبەتی لەلایەن خودی جەنابی وەزیری پەروەردە هەوڵێکی جددی هەیە کە پێداچوونەوەیەکی تەواو و ورد بۆ پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانە ناحکوومییەکان کراوە، لەمبارەشەوە کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی بۆ دەرکردوون، بۆ نموونە لەو بابەتانەی کە ئاستیان لاواز بووە، ڕێنمایی بۆ دەرکردوون بە مەبەستی گەشەکردن و بەهێزبوونیان، هاوکات ناکرێت ئاستی خوێندن بهێڵین لاواز بێت بە قۆزتنەوە و راکێشانی مامۆستای پسپۆڕ و زیرەك لەلایەن قوتابخانە ناحکوومییەکان بە زیاترکردنی مووچە و پاداشتی زۆر بۆیان، لەلایەکی دیکەوە هەندێك لە قوتابخانە ناحکوومییەکان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی قوتابییە هەرە زیرەکەکان بە ئیغراکردنی ماددی و پاداشت و دیاری بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەو کار و هەوڵانەش باش نییە و کاریگەریی خراپی لەسەر ئاستی قوتابی و پرۆسەی پەروەردە دەبێت. بۆیە پاڵپشتیی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە بە پلەی یەکەم بۆ قوتابخانە حکوومییەکانە و هەموو هەوڵ و کارێکیش کراوە بۆ ڕێکخستنەوەی قوتابخانە ناحکوومییەکان و ڕێنماییان بۆ دەرکراوە و هەر قوتابخانەیەکی ناحکوومی پابەندی نەبووبێت، کاردانەوەی توندیان بەرامبەر کراوە.

*** ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی شەڕی دژی داعش و قەیرانی داراییەوە، نەك هەر دروستکردنی قوتابخانەی حکوومی لەسەر ئاستی شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان زۆر کەم بووە، بەڵکو نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانیش وەك پێویست نەبووە، ئەوجا بەهۆی زۆربوونی ساڵانەی قوتابیانەوە، باری سەرشانی قوتابخانەکان قورس بووە و هەندێك دەڵێن کوالێتیی خوێندنیش هاتۆتەخوارەوە. ئایا لە ئێستادا لە سنووری پارێزگای هەولێر پێویستتان بە چەند قوتابخانە هەیە بۆ ئەوەی دیاردەی دوودەوامی و سێ دەوامی نەمێنێت و ژمارەی قوتابیان لە پۆلێکدا نزیك ببێتەوە لە ئاستی ستاندەر؟**

- ئەگەر جیاوازییەك لەنێوان قوتابخانە حکوومی و ناحکوومییەکان بەدی بکرێت، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە دارایی و ئەو شەڕە نەگریسانەی کە لە چەند ساڵی رابردوو هاتە سەر هەرێمی کوردستان کە کاریگەری زۆرو راستەوخۆی لەسەر پرۆسەی پەروەردە هەبووە، بەم هۆیانەوە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە وەك پێویست سەرجەم پێداویستییەکان دابین بکات، لەوانە لە رووی بینایەی قوتابخانە، ئێستا لە ناو شاری هەولێر پێویستمان بە ژمارەیەك قوتابخانە هەیە، بەتایبەتی لە گەڕەکە تازەکاندا، کۆمەڵێك بینایەی قوتابخانەش کە لە کۆنەوە دروست کراون، پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەی ساڵانە هەیە، سەبارەت بە دوو دەوامی و سێ دەوامی لەیەك بینایەی

**قوتابی لە ڕێگای ئینتەرنێت و لە دەزگاکانی گواستنەوە دەتوانێت تەواوی وانەکانی خوێندن وەربگرێت، کە زیرەکترین مامۆستاکان بۆ وتنەوی وانەکان تێیدا بەشدارن، بەوەش قوتابی زۆر سوودمەند دەبێت و بارسووکییەکی زۆریشی بۆ دێتەدی، چونکە جێگای وانەی تایبەتی دەگرێتەوە**

**ئاستی قوتابخانە حکوومییەکان بەگشتی لە رووی کوالێتیی خوێندن و لە رووی مامۆستا و پرۆگرام و پابەندبوون بە دەوام و بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە زۆر سەرکەوتووتر و باشترن لە قوتابخانە ناحکوومییەکان**

**ساڵانە ژمارە و ڕێژەی قوتابیانی یەکەم و پلەبەرزەکان لە قوناغی نۆی بنەڕەتی و ١٢ی ئامادەیی زیاتر لە قوتابخانە حکوومییەکان بووە و زیاتریش منداڵە هەژار و کەمدەرامەتەکان بوون**

**هەندێک لە قوتابخانە ناحکوومییەکان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی قوتابییە هەرە زیرەکەکان بە ئیغراکردنی ماددی و پاداشت و دیاری بۆ لای خۆیان رابکێشن**

**سێ دەوامی تا ئاستی نەمان کەم بۆتەوە و ئێستا تەنیا لە هەندێ قوتابخانە دوو دەوامی هەیە، هۆکاری سەرەکیی دووەوامیش ئەوەیە کە زیاتر لە(٦٠) قوتابخانە ئاوارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە دەوامی دووەم دەخوێنن**

**پلان هەیە لە چوار ساڵی داهاتوو ژمارەیەک بینایەی قوتابخانە لەناو شارو سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێن و چەندین قوتابخانەش نۆژەن بکرێنەوە بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخان کراوە**

قوتابخانەدا ئەوە دەتوانین بڵێین: سێ دەوامی تا ئاستی نەمان کەم بۆتەوە و ئێستا تەنیا لە هەندێ قوتابخانە دوو دەوامی هەیە، هۆکاری سەرەکیی دوودەوامیش ئەوەیە کە زیاتر لە(٦٠) قوتابخانە ئاوارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە دەوامی دووەم دەخوێنن، هۆکارێکی دیکەشی قەیرانی داراییە کە چەند ساڵێکە بینایەی قوتابخانە دروست نەکراوە، سەرەڕای ئەوەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەجددی هەوڵ دراوە کە لە ڕێگای وەبەرهێنەر و خەڵکی دەوڵەمەند هاوکاری پرۆسەی پەروەردە بکەن و باڵەخانەو بینایەی قوتابخانە دروست بکەن و هەستن بە نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانە کۆنەکان، سەرەڕای ئەوە پلان هەیە لە چوار ساڵی داهاتوو ژمارەیەك بینایەی قوتابخانە لەناو شارو سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێن و چەندین قوتابخانەش نۆژەن بکرێنەوە بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخان کراوە.

*** لەچەند ساڵی رابردوو ژمارەیەکی زۆر مامۆستا بە گرێبەست دامەزراون، لە کابینەی نۆیەمدا بڕیار دراوە کە ئەو گرێبەستانە بکرێنە هەمیشەیی، ئایا ئەم بڕیارە کەوتە بواری جێبەجێکردن؟ ئەو ژمارەیەی بە گرێبەست دامەزراون لەچاو ئەو مامۆستایانەی دانەمەزراوان، ڕێژەیان چەندە و بەپێی ئەو ئامارەی لای ئێوە هەیە، چەند مامۆستا لە سنووری پارێزگای هەولێر لە زانکۆکانی کوردستان دەرچوون و هەتا ئێستا دانەمەزراون؟**

- لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر گرێبەستمان کەمە و ژمارەیان تەنیا ٢٦ مامۆستان، بەڵام مامۆستای گرێبەست زیاتر بۆ قوتابخانە دوورەدەستەکان بووە، بۆ ئەو گوندو لادێیانەی کە ژمارەی مامۆستای پێویستیان نییە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و میلاکاتەش لەکابینەی رابردوو ٥ هەزار مامۆستا بە گرێبەست بۆ گوندو لادێ و ناوچەو شوێنە دوورە دەستەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دامەزران و تا ئەمساڵیش ئەو مامۆستایانە گرێبەست بوون، بەڵام لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەوڵی جددی وەزیری پەروەردە و لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران و بە هاوکاری و پاڵپشتیی جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار دەرچوو کە مامۆستا گرێبەستەکان ببنە هەمیشەیی و ئەو بڕیارەش لە جێبەجێکردندایە، بۆ ئەو کەمیی میلاکی مامۆستا کە مابوو، توانیمان لە ڕێگای مامۆستای وانەبێژ پڕی بکەینەوە، ئەمەش ئەنجامدرا لە ڕێگای دانانی ئەو دەرچووانەی لە کۆلێژەکانی پەروەردە و بنیادن کە گونجاون بۆ پرۆسەی پەروەردە و مەرجی مامۆستایان تێدایە لە رووی پەروەردە و شێوازی وانەوتنەوە، ئەم شێوازی دامەزراندنەش بە وانەبێژی و کرێی رۆژانەیە.

*** دەگوترێ لە دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ناعەدالەتی هەیە، ئایا ئەوە تا چەند راستە و دانانیان لەسەر چ بنەماو ڕێنماییەك بووە؟**

- دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بە کۆمەڵێك ڕێنمایی و پێوەری ورد تێدەپەڕێت، لەوانە ئەو مامۆستا بەڕێزەی بۆ بەڕێوەبەر پێشنیار دەکرێت، بەلایەنی کەم پێویستە پێش هەموو شتێك لە رووی خوو و رەوشتەوە ناسراو و ئاکار بەرز بێت و ساڵانی خزمەتیشی زۆر بێت و شارەزایی لە بواری پەروەردە و مەرجی قیادە و بەڕێوەبردنی هەبێت، چونکە ئەو مامۆستایە بۆ وتنەوەی وانەیەك نییە لە پۆلێکدا، بەڵکو بەڕێوەبەرە بۆ ئەوەی تەواوی ئەو فەرمانگەیە بەڕێوە ببات، ئەمەش جگە لەلایەنی پەروەردەیی پێویستی بە توانای جەستەیی و دەروونی و دەربڕین هەیە، تاوەکو بتوانێت بە سەرکەوتوویی مامەڵە لەگەڵ مامۆستا و کارگوزار و قوتابیان و جومگەکانی پەیوەندیدار بە پەروەردەوە بکات.

*** پەیمانگای گەشەپێدانی مرۆیی کارەکانی چییە و تاچەند لە ئاستی خواست و داواکارییەکانی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە بووە؟**

- لە ساڵانی رابردوو دەرچووانی پەیمانگاکان ژمارەیەکی زۆریان وەك مامۆستا کاریان دەکرد، بەڵام لە قۆناغی داهاتوو و ئێستادا پێویست بوو ئەو مامۆستایانەی کە دەرچووی پەیمانگاکان بوون، ئاستی زانستی و زانیارییان زیاتر بکرێت، بۆیە لە کابینەی رابردووی حکومەتی هەرێم پەیمانگای گەشەپێدانی



مرۆیی دامەزرا، بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەری پەروەردەیی و مامۆستایانەی دەرچووی پەیمانگاکان ماوەی دوو ساڵ تێیدا بخوێنن و ئاستی پسپۆڕایەتی و زانستی و زانیارییان بەرز بکرێتەوە و لەپاش دەرچوونیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان پێ دەدرێت و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بڕوانامەکەیان باوڕپێکراوە و هەر لەم پەیمانگایەدا بۆ مامۆستا بەشداربووەکان پسپۆڕیی وانەکانیان بۆ دیاری دەکرێت، زۆریش سوودمان لەم پەیمانگایە و دەرچووانی پەیمانگاکە وەرگرتووە، بەتایبەتی لە بەرزبوونەوەی توانا و کوالیّتی و ئاستی زانستی و زانیاریی مامۆستایانی بەشداربوو، بەمەش توانراوە پرۆسەی پەروەردەو زانست و زانیاریی قوتابیان بگەیەنینە هەنگاوی باشتر.

*** شێوازی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریای ٩ی بنەڕەتی و قۆناغی ١٢ی ئامادەیی چۆنە و تا چەند سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەزموونەکانی ٩ی بنەڕەتی و ١٢ی ئامادەیی لە قۆناغی ئێستادا کە چەند ساڵێکە بۆتە شێوازی هەڵبژاردن کە وەڵامدانەوەی قوتابیان لەسەر فۆرمی (سۆما)یە، ئەمەش لەرووی زانستییەوە دوولایەنی هەیە، لە رووی بابەتییەوە قوتابی لەهەندێ بابەتی راپۆرت و نووسین و فێرکردن تا رادەیەك زەرەرمەند بووە، بەڵام لە رووی لایەنی وردی و پێدانی نمرەی قوتابی و لە هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابی باش بووە، چونکە ئەلیکترۆنییە و قوتابی خۆی پرسیارەکان دیاری دەکات و دەتوانێت لەماڵەوە بە ئەلیکترۆنی وەڵامەکانی ببینێت، بەگشتی ئەو شێواز و سیستەمە لە تاقیکردنەوەکاندا کارێکی نوێ و گرنگ و سەرکەوتووە، لەلایەکی دیکەوە لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا ناکرێت هەر بەشێوازی کۆن و تەقلیدی تاقیکردنەوەکان بەڕێوەببردرێت کە زۆر رۆتین و زەحمەتی تێدا هەیە و لەکاتی پشکنینەکانیشدا بە شێوازی کۆن زۆرجار مافی قوتابی دەفەوتا، بەڵام شێوازی تازەی تاقیکردنەوەکان دادپەروەرانەیە و قوتابی مافی تەواوی خۆی وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی شێوازەکە زانستی و ئەلیکترۆنی و ورد و هەستیارە.